# کۆنگرە

ئۆرگانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

ژمارە ٤١ – جۆزەردانی ٢٧٠٧ی کوردی

خەبات لەپێناو وڵاتێکی ئازاد و دێموکرات و سەربەخۆ

Newsletter of Kurdistan National Congress (KNC) Nr. 41, July 2007


## رامیاریی چەوتی ئەمریکا و کورد، لەعێراق و لە ئێران!

پاش ئەوەی ئەمریکا، چەند ساڵێک، بەتایبەتی لەسەردەمی سەرکۆمارێتیی محەممەد خاتەمیی، هەوڵی زۆریدا بەرێگەی دانووستان و دیپلۆماسی لە ئێران نێزیک ببێتەوە، و، لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، ئەوجا پلانی رووخانی رژێمی مەلاکانی خستە دەستووری کارییەوە، و، داواشی لە دەوڵەتەکانی هاوپەیمانی کرد، تا خۆیان و کۆمپانیاکانیان هەر جۆرە پێوەندییەکی ئابووری و بازرگانی و فرۆشتنی کەرستەی جەنگیی، لەگەڵ ئێران رابگرن. لەلایەکی دیکەوە، بەرێگەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەستی بە تێکۆشین کرد بۆ سازکردنی بەرەیەکی نێودەوڵەتیی لەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

ئەمریکا هەروەها لە پێوەندیی لەگەڵ نێوخۆی ئێران، بووجەیەکی تایبەتی دیاریکرد بۆ پشتگیریکردنی سیاسی و دارایی لە نەیارانی رژێمی ئێران لەدەرەوە و لەنێوخۆی "بۆ ل ٢٢"



گوتوبێژ لەگەڵ دوکتۆر جەمال رەشید:

### زمان و مێژوو و شارستانییەتی کوردستان و رۆژهەلاتی کۆن!

"ل ٣"



مامۆستا محەممەد شەیدا

### خۆکوشتن! (الانتحار) Suicide!

"ل ٨"



شیلان شۆرش:

### چالاکییەکانی رێکخراوی ژنانی کورد لە نۆرویژ، سەبارەت بە دیاردەی دزێوی ژنکوژیی لە کوردستان!

"ل ٢٠"


* – لەیادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی ئێستگەی کوردی لە قاهیرە ........................ ل ٣٠

* – بوون و چوونم (هۆنراوەی مامۆستا کامیل ژیر) ............................ ل ٣١




دوکتۆر جەمال نەبەز:

### خوێندەواری بە زمانی کوردی

"ل ١٢"



دوکتۆر حسێنی خەلیقی:

### داوی کولتور

"ل ١٨"



سیروان کاوسی:

### مێژووی "مواد مخدر" لە ئێران و لە جیهان!

"ل ٢٥"

## "هاوەی سەروتار"

ولات. هەر لە چەند ساڵی رابوردووەوە، بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانەی، لەنێو هەموو لایەنەکانی سیاسیی ئێرانیدا، سەرقاڵی داتاشین و رێکخستن و قوتکردنەوەی ئۆپۆزسیۆنێکی نوێیە لە کاربەدەستان و ئەندامانی بنەماڵەی وەزیر و ژنەراڵەکانی رژێمی رووخاوی پاشایەتیی کە کورەکەی حەمەرەزاشا، بەنێوی **"رەزاشای دووەم"** سەرۆکایەتییان دەکات.

ئاشکرایە، مەلاکانی دەسەلاتدار لە ئێران کە بناخەی حکوومەتەکەیان لەسەر رێبازی **"وەلی فقیه"** و، بیروباوەری بنچینەگرانەی ئیسلامیی دامەزراوە، سەبارەت بە چاککردنی مافی مرۆڤ لەئێران و، وازهێنانیان لە پرۆژەی ئەتۆمیی، تاکو ئەورۆ گوێیان نەداوەتە داخوازی و گازندە و، تەنانەت هەرەشەی کۆمەڵی نێودەولەتی و، زۆر جاریش بە گاڵتە و تەشەرەوە وەرامی ئەمریکا و کۆمەڵی نێودەوڵەتییان داوەتەوە. ئەمەش وایکردووە کە دنیای ئازاد بەرەو گرتنەبەری هەڵوێستێکی هاوبەش هەنگاو بنێت.

دەولەتی ئەمریکا بە ئاشکرا بایەخ و گرنگییەکەی زۆر بە لایەنگرانی سیستەمی پاشایەتیی دەدا و، وەک تاکە ئەلترناتیف و جێگرەوەی رژێمی ئیسلامیی، حیسابی لەسەر دەکات. کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بەنێوی **America - Voice Of)** **(Persian TV** کردووەتەوە و، بەرنامەکانی لەئێران و لە هەموو جیهان بڵاودەبێتەوە. لەم تەلەفزیۆنەدا، کۆمەڵێک مرۆڤی رەگەزپەرستی فارس، بەنێوی پێشکێشکەری بەرنامە و، کارناسی سیاسی و ئابووری و ئێرانناس و، کۆمەڵناس، کۆبوونەتەوە و، لەژێرنێوی وەشانی سیاسەتی رەسمیی دەولەتی ئەمریکا و پەرەپێدانی دیمۆکراسی لە ئێران، راستەوخۆ کار بۆ بڵاوکردنەوەی بیری رەگەزپەرستانەی نەتەوەی فارسی دەسەلاتدار و پارێزگاریکردن لە

یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکەن. هەر کوردێک پێوەندیی لەگەڵ بەرنامەکانی ئەم کەناڵەدا دەگرێت، بەبۆنە وبێبۆنە پرسیاری لێدەکرێت: **"ئایا تجزیه طلب هستی، یا خیر؟!" (ئایا جیاوازیخوازی، یان نا؟!).** لەکاتێکدا ئەگەر ئەمریکا بەراستی مەبەستی پەرەپێدانی دیمۆکراسی و بیری ئازادیخوازییە، دەبی ئەم کەناڵە زمانرەوشی نەتەوەکانی بندەست و کەمایەتیی ئاینی و کەسایەتی پسپۆر و شارەزایانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەریەک لەنەتەوەکانی بندەستی ئێران بێت. هەموو لایەنەکان بێ فەرق و جیاوازیی، بیروباوەر و کێشەکانی خۆیانی تێدا باس بکەن و، لەو رێگەیەوە خزمەتی دیمۆکراسی و بیری ئازادیخوازیی دەکرا، بەڵام وا دیارە ئەمریکا هیچ ئەزموونێکی لە عێراق وەرنەگرتووە و، دەیەوێت سیناریۆی سەرنەکەوتووی عێراق، لە ئێرانی پاش رژێمی مەلاکان دووپات بکاتەوە. واتە هەروەک چۆن پێش رووخانی سەددام، بەبێ ئاوڕدانەوە بۆ راپرسی و ویست و رای گەلی کورد و، لایەنەکانی ئاینی و نەتەوەیی عێراق، ئۆپۆزسیۆنێکی لەکۆمەڵێک کەسانی بەرژەوەندخواز و دەسەڵاتخواز پێکهێنا و، دامەزرانی حکوومەتی نوێیان راگەیاند ـ کە هیچ کات و زەمانێک بەکردەوە عێراق دانامەزرێتەوە! هەر بەو شێوەیە، دەیەوێت، بێگوێدانە ویست و ئامانجی کورد و نەتەوەکانی دیکەی بندەستی ئێران، حکوومەتێکی کاتیی لەدەرەوە پێکبێنێت، کە پێکهاتەیەک بێت لە کەسانی گوێڕایەڵ و دەستنیشانکراو و باوەرپێکراوی و بەیت و بالووەری دیمۆکراسی لێبدەن و، ئامانجیان تەنیا پاراستنی بەرژەوەندی و دەسەلاتی خۆیان و، پارێزگاریکردن بێت لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە وڵاتەکەیاندا.

جەولەی کورەکەی حەمەرەزاشا لە سەرەتای مانگی پووشپەری ئەمساڵ بۆ وڵاتانی کەنداو و مەراکش و، هەروەها دیداری لەگەڵ جۆرج بوش لە وڵاتی چێک، هێما ونیشانەن کە ئەمریکا، بڕیاری رووخانی رژێمی داگیرکەری ئێرانی لەدەستووری کاری داناوە.

لەم پێوەندەدا، سەبارەت بە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستە بگوترێت، بەرنامەی سیاسی و هەڵسوکەوتیان بەهیچ شێوەیەک لە ئاستی بەرپرسیارێتیی بەرامبەر کێشە و چارەنووسی نەتەوەی بندەست و مافزەوتلێکراوی کورددا نییە. هەرهەموویان، لەنیوخۆیاندا و بەرامبەر یەکدی، ناکۆک و ناتەبان و، سەرقاڵی سووکایەتیکردن و، پیلانگێرانن لەدژی یەک. سەیروسەمەرە لەوەدایە بە لاساییکردنەوە لە پارتی و یەکێتیی، ئەمانیش دەیانەوێت، یەکێتیی نێوان گەلانی ئێران پێکبهێنن و، حکوومەتێکی هاوبەشیان لەگەڵ ساز بکەن، کەچی ئامادەنین پێکەوە لەسەر بچووکترین بابەت لەگەڵ یەک پێکبێن. بەوێنەی سەرکردەی حیزبەکانی باشوور، ئەمانیش خەون بە وەرگرتنی کورسی و پلەوپایەوە دەبینن، کە پاش رووخانی رژێمی مەلاکان دەستیان کەوێت. بیری نەتەوەیی و بیری دەوڵەتی کوردیی، لەبەرنامەیاندا هیچ بوونێکی نییە..

بەکورتی، ئەمریکا لەعێراق لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیدا، کوردی بەکارهێنا، کوردیش لەپێناو بەرژەوەندی و بەدەسەلاتگەیشتنی سەرکردەی چەند حیزبێکی، ستراتیژ و بەرژەوەندیی نەتەوەیی دۆڕاند و، لە گەیشتن بە ئازادی و سەربەخۆیی بێوەری بوو. دووپات بوونەوەی سیناریۆی سیاسیی عێراق، لە ئێران، ویست و ئامانجی رەگەزپەرستانی فارس و لایەنگرانی رژێمی پاشایەتیی دابین دەکات و، سەرلەنوێ زنجیری کۆیلەیەتیی دەخاتەوە ملی کورد. حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، بە دیدار و دانووستانی لاوەکی و نهێنی لەگەڵ بەرەی "سلطنت خوازەکان"، گەلی کورد لەرۆژهەڵات تووشی هەر ئەو چارەنووسە دەکاتەوە، کە گەلی کوردمان لە باشوور، بەهۆی سیاسەتی نانەتەوەییانەی پارتی و یەکێتییەوە تووشی بوون. بەڵام با هەموو لایەک دڵنیابن، رۆڵەکانی گەلی کورد، لە باشور، لە رۆژهەڵات و، لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ئامادەنین، فریوی دروشمی نانەتەوەییانەی هیچ کەس و لایەنێک بخۆن، چونکە هۆشیاری نەتەوەیی سەریهەڵداوە و، بیری دەولەتی کوردیی، ئەورۆکە بووە بە هیوا و ئاواتی ملیۆنان لاو و خوێندکار و رۆناکبیری کورد و، لەداهاتووی نێزیکدا دروشمی پیرۆزی سەربەخۆیی و رزگاری یەکجاریی، هەموو کوردستان دادەگرێت....

# وتووێژ لەگەڵ دوکتۆر جەمال رەشید پسپۆڕ و شارەزای مێژووی رۆژهەڵاتی کۆن،

## (بەشی ٢)

بەڕێز دوکتۆر جەمال رەشید، ئەم کاتەتان باش

***- لەبەشی یەکەمماندا، لەلایەن بەڕێزتانەوە، پێناسەی مێژوو وەک زانست کرا. هەروەها بەوردی باس لە چۆنێتیی سەرهەڵدانی خەتی هیرۆگلۆفی و بزماری و پەیدابوونی زمان کرا. پرسیاری تازەمان بەوە دەستپێدەکەین،ئایا زانینی مێژوو و باسی چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا، چ پێویستی و گرنگییەکی بۆ کورد هەیە، گەلانی دیکە چ بایەخێک بە مێژووی خۆیان دەدەن؟!**

و: بەڕاستی ئەگەر ئێمە لە مێژووی کورد بکۆڵینەوە، یان نێوی کورد لە مێژووی کۆندا شیبکەینەوە دەبێ پشت بە خەتی بزماری ببەستین، خەتی هیرۆگلۆفی دوورە لە ناوچەی ئێمە. هیرۆگلۆفی تەنیا لە میسردا بەکاردەهات، لەوێوە نەچووە دەرێ، بەڵام بزماری وەکو خەتێک، بوو بە خەتێکی جیهانی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبووەوە تاکو گەیشتە ئەنادۆلیا و سووریا و لوبنان و شوێنەکانی دیکە، هەروەها لەلایەن ئێرانییەکانیش بەکار هات. مێژووی خەتی بزماری کەی دۆزرایەوە و، لەلایەن کێوە دۆزرایەوە ، من لێرەدا دەتوانم بەکورتی هەندێ رۆشنایی بخەمەسەر ئەم خاڵە. نووسینەکانی هەخامەنشی، بەتایبەتیی لە پرسەپۆلیسدا، هەروەها لە شاخەکانی بێستووندا، پارمەتی ئەو کەسانەیدا کە دەستیان کردبوو لە خەتی بزماری بکۆڵنەوە. یەکەم کەس لەم بوارەدا کابرایەکی ئیتالی بوو بەنێوی پێترۆ دێلەواری، کە لەساڵی ١٦٢١ی زاینیدا، لەگەشتێکدا نێزیکی پرسەپۆلیس، توانی پێنج لە نیشانەکانی ئەم شارە لەگەڵ خۆی بێنێتە ئۆرووپا. بەڵام ئەو پێنج نیشانەیە هیچ سوودێکی نەگەیاندە زاناکان بۆ شیکردنەوەی نووسینی بزماری. لەساڵی ١٧٦٥ دا، کابرایەکی دیکەی ئەڵمان بەنێوی نیپوور، نووسینەکانی پرسەپۆلیسی لای خۆی تۆمار کرد و، لەساڵی ١٧٧٨ دا بڵاویکردنەوە. بەمجۆرە، بناخەی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی زانستانەی ئەو خەتە داکوتا . هەروەها نیپوور وای بۆ چووبوو کە ئەم خەتە سێ جۆرە ، کە یەکێکیان ٤٢ نیشانەیە. پاشان کابرایەکی دیکە بەنێوی تێتسین لەساڵی ١٧٩٨ دا، توانی بزانێت کە وا ئەو بزمارە لارانە کەوتووەتە نێوان نووسینەکانی مێخی، وشەکان لە یەکدی جیادەکەنەوە. ئەوجا کابرایەکی دیکە بەنێوی مۆنتەر لەساڵی ١٨٠٢ توانی بزانێت کە وا ئەم تێکستانە، نووسینی پاشایانی هەخامەنشین و، زەمانەکەیشی دەبێت نێزیکی زەمانی کتێبی "زەند ئاوێستا " ی سەردەمی ساسانی بێت ، کە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکان پێی نووسرابێت. هەروەها توانی بزانێت کە وا هەر سێ جۆرە نووسینەکە، باسی یەک رووداو دەکات. لەکۆتاییدا، توانی وشەی "خشایشیا" کە وا ئەمرۆ بووەتە (پادشا) بخوێنێت. لەشاری گوتینگن، کابرایەک بەنێوی فرێدریک گرۆفند لەساڵی ١٨٠٢ دا، توانی ٤٢ نیشانە لەم نیشانانە شیبکاتەوە و، لە کۆبوونەوەیەکدا گرۆفند ئەوەی سەلماند کە وا ئەم نووسینە لە چەپەوە بۆ ڕاست



دەڕوات و، نووسینەکە پێوەندیی بە ئەندامانی خێزانێکەوە هەیە کە لە ئێراندا دەستەڵاتدار بوون. ئەوانیش بێگومان بە پێی کتێبی تەورات، دەبێ هەر هەخامەنشی بووبن، کە بە عەرەبی پێیاندەڵێن (اخمینی). کاتێک گرۆفند بینی کە وا ئەم ٧ نیشانەیە زۆرجار دووبارە دەبێتەوە، زانی ئەمە دەبێت نازناوێکی پاشایەك بێت. هەروەها جار

به جار دووباره دەبێتەوە، وەکو بڵێی، پاشای پاشایان بێت. لەبەر ئەوەی دابونەرێتی نووسینی نێوی پاشایان تا کۆتایی سەردەمی ساسانی هەروەکو خۆی مایەوە و لەنووسینەکانی پاشایانی ساسانی دەبینین ئەم نازنێوە وەك پاشای گەورە، پاشای پاشایان ، پاشای وڵاتان دەنووسرا، گرۆتفند زانی سەرەتای تێکستەکان بەم نازنێوە دەستپێدەکات. بۆیە توانی نێوی کەسیەتییەکان لە نازنێوەکان جیا بکاتەوە. جا لەبەر ئەوەی یەکەم پاشای هەخامەنشی بەپێی سەفەرەکانی تەورات کورشە، دوابەدوای ئەمیش داریووشە، بەڵام کاتێك کە نیشانە بزمارییەکانی ژمارد، زانی کە ئەمە نێوی داریووشە، بەم جۆرە نێوە کەسیەتیەکانی لە نازنێوەکان جیاکردەوە ، پاشان کە نێوی کورش و داریووشی بەراورد کردەوە، تەماشای کرد، داریووش ٧ دەنگە و، کورش ٥ دەنگە. زانی کە درێژەکە نێوی داریووشە . هەر بەم جۆرە زانی کە ئەم نووسینە دەبێت هی داریووش بێت و ئەو نیشانەی دیکە کە لەتەنیشتیدا دەبینرێت، دەبێ نێوی باوکی بێت، بەوەدا دەزانرێت کە داریووش کوڕی "هێستاسپس"ە، کوڕەکەشی نێوی "کسێرَکس" ە. جا (فریدریک گرۆفند)، هەموو ئەم دەنگانەی سنووردار کرد بۆ ئەوەی بتوانێت وشەکانی دیکەش بخوێنێتەوە. بەیارمەتی پەرتۆکی زەند ئاوێستا، توانی شێوەی ناوەکە لە زمانی هەخامەنشیدا بدۆزێتەوە، چۆنکە لە زەند ئاوێستا نێوی داریووش بە شێوەی داریاهیووش نووسراوە. لێرەدا کاتێك سەیری نێوەکە دەکات دەبینێ بەشێوەی دەریاهیووش نووسراوە. بەمجۆرە گرۆفند زانی کە دەنگی نیشانەکانی خشایشیا (واتە پاشا) و داریووش و هێستاسپس و کسێرکس بزانێت. پاشان زانایەکی فەرەنسی بەنێوی برنۆف، زانیارییەکانی ئەم بوارەی دەوڵەمەند کرد، ئەویش بەدەستنیشانکردنی نێوی وڵاتان و گەلان بوو کە لە تێکستەکەدا تۆمار کرابوو. چۆنکە داریووش لە تێکستەکەدا باسی زۆر لە وڵاتان و ساترابەکانی خۆی دەکات، یەکێک لەوانە ئەرمینا (ئەرمەنستانی ئەمڕۆ) ، ئەوجا برنۆف ئەم وڵاتانەی یەکە یەکە جیاکردەوە ، هەروەها نێوی ولاتەکان لە گەلان و هۆزەکان (قەومەکان) جیاکردەوە. لەکاتێکدا زانیاران لە ئۆروپادا سەریان لەگەڵ ئەم بابەتەدا قاڵ بوو، ئەفسەرێکی بریتانی بەنێوی هێنری راوڵنسن کە لە سوپای ئێراندا کاریدەکرد، ساڵی ١٨٣٥ کاتێك لە کرماشانەوە بەرەو هەمەدان دەچوو، تابلۆکەی داریووشی لەسەر چیای بێستوون بینی. ئەم ئەفسەرە بریتانییە ماوەی ٢٠ ساڵ لەوێدا خەریکی نەخشکردن و تۆمارکردن و خوێندنەوەی تێکستەکانی ئەو تابلۆیە بوو. لەسەر چیاکەوە بە گوریس خۆی دەبەست و دەهاتەخوارێ، چۆنکە شوێنی ئەم تابلۆیە زۆر سەختە، هەروەکو خۆمان دیومانە. لەوێدا راولنسن هەموو تێکستەکانی بەدەست خۆی نووسییەوە کە زۆر دوورودرێژن. جا لێرەدا نامانەوێت بە درێژی ئەم بابەتە باسبکەین، بەڵکو دەبێت بپرسین راوڵنسن چۆن بۆی چووە کە بزانێ تێکستەکان بەسێ زمانی جیاواز نووسراون؟! ئەم کابرایە تەماشای کرد لەنێوان تێکستەکاندا خەتێک کێشراوە، ئەوجا ئەو وای بۆچوو، کە هەر تێکستێك زمانێکی تایبەتییە، بەڵام نێوەڕۆکی نووسینەکە هەر یەکە و، یەک کەسیش نووسیویەتی. لێرەدا نامەوێت باسی نیشانەکان بکەم، کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی ٤٠٠ نیشانە، واتە جۆرە نووسینێکە بەچوارسەت شێوە دەنگ دەنووسرێ و، لەسەر ئەو شاخە سەختەدا تۆمارکراوە، ئەمە لە بیروباوەری ئەرکیۆلۆژییەکاندا کارێکی زۆر گەورەیە. لە لایەکی دییەوە لە بەر ئەوەی تێکستەکانی بێستوون بە سێ زمان نووسراونەتەوە، راوڵنسن توانی بە خوێندنەوەی تێکستە هەخامەنشییەکەوە کە بەرێی زانایانی پێش خۆی دۆزرابوونەوە، نیشانەکانی دیکەش بخوێنێتەوە. چۆنکە ئەو دەیزانی، شێوە بزمارییە هەمەجۆرەکان چ دەنگێک بەدەستەوە دەدەن. ئەوجا کە نێوی "داریووش" یان خوێندەوە، دەیزانی پیتی (د) بە بزماری چۆن دەنووسرێت. کە سەیریکرد، تێکستەکەی نێوەراستیان "بابلی" (ئەکەدی) کۆنە، ئەوەی خوارەوەیان "عیلام" ییە. جا ئەم تێکستانە بوون بە رێگە و قامووسێک بۆ بەراوردکردنی وشە بابلی و عیلامی و هەخامەنشییەکان. لە کۆتاییدا بەرێگەی ئەم نووسینانە، ئەرکیۆلۆژییەکان توانییان تێکستەکانی سومەری و بابلی وئاشوری عێراق و شوێنانی دی بخوێننەوە. بەرێی بابلییەکە، توانییان لە زمانی "سۆمەری" بگەن. ئەوجا کابرایەکی دیکە بەنێوی نۆریس سەرقاڵی لێکۆڵینەوەی زیاتری تێکستە کۆنەکان بەتایبەتیی "بابل" ی بوو. پاشان هێنری لایارد سەرقاڵی پارچەنووسینەکانی "ئاشووری" بوو. بەرێگەی کارەکانی راوڵنسنەوە ئەمانە توانییان هەموو تێکستە بزمارییەکان بخوێننەوە. بەرە بەرە چەند پسپۆرێکیش لەم بوارەدا لە ئۆروپادا پەیدابوون. هێشتا هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە "کۆمیتەی ئاسیەوی شاهانەی

بریتانی"، بە بێئەوەی پسپۆڕەکان بە خۆیان بزانن، ئەنجامی کارەکانیانی لە بواری خوێندنەوەی تێکستە بزمارییەکان، ناردە لای سێ کەسی جیاواز کە ئاگایان لە یەکتری نەبوو، بۆ ئەوەی بزانن وەرگێرانەکان تەواوە، یان نا؟! کاتێ وەرامەکانیان هات، هەرسێ وەلامەکان زۆر نێزیکی یەکتری بوون. ئەوجا کۆمیتەی ئاسیەوی شاهانەی بریتانی، باوەڕی کرد کە وا ئەو وەرگێرانانە هەمووی راستن و، هەموو تێکستەکانی بیستوون بە تەواوەتیی خوێندراونەتەوە.

کاتێک لەساڵی ١٩٧٧ لە پەرتۆکخانەی شاری "لایدن" لە ولاتی هۆڵەندادا کارم دەکرد، هەموو کارەکانی "راولنسن" م خوێندەوە، تێکستەکانیشم بە دەستخەتی خۆی بینی، هەموویم فۆتۆکۆپی کرد. پاش راولینسن ئەو زانایانەی نێومان بردن، دوای خوێندنەوەی تێکستە کۆنەکان، هاتن لە ڕیزمانی عیلامی و بابلی و ئاشووری بکۆڵنەوە. لەڕاستیدا خەتی بزماری وەکو خەتێکی نووسین، لە دەوروبەری سێ هەزار ساڵ پێش زایین سەریهەلدا و، تاکو سەدەی یەکەمی زایینی بە کار هات و ئاخر پارچە نووسینێک بەم خەتە دۆزرابێتەوە دەگەڕێتەوە ساڵی ٥٠ی زایینی، بەلام دەبێ ئەوەش بزانین، بە هاتنەوەی ئەلکساندەری مەکدۆنی و لەنێوبردنی دەوڵەتی هەخامەنشی، کولتۆری هیلینی لە رۆژهەلاتدا بلاوبووەوە، خەتی یۆنانی زاڵ بوو بەسەر خەتی بزماری و کزی کرد، بەلام لەکۆتاییدا خەتی ئارامی هەربە یەکجاریی لەنێوی برد. خەتی ئارامی لەڕاستیدا لەنیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی پێش زایین بڵاوبووەتەوە. ئەوجا لەگەڵ داهاتنی چەرخی یەکەمی زایینی، کۆتایی بە خەتی بزماری هات.

***- پ: ئێستا با بێینە سەر وشەی کورد. ئەم نێوە مێژووە بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە و یەکەم جار نێوی کورد لە چ زەمان و سەردەمێکدا نووسراوە؟!**

و: بابڵێین مێژووی کورد، وەک گەلێک لە کەیەوە دەستپێدەکات؟ یان وشەی کورد لەکوێ پەیدا دەبێ، یان چۆن پەیدادەبێت؟ لەوەرامی ئەم پرسیارەدا دەبێ دوو پنت ڕەچاو بکەین، واتە دوو بابەت رەچاو بکەین! یەکەمیان مێژوو خۆی، کەی دەستپێدەکات؟ دووەمیان وشەی کورد بە چی واتایەک دەستپێدەکات و کەی دەبێتە نێوێکی نەتەوەیی بۆ گەلێکی تایبەت لەسەرووی میزۆپۆتامیا و لە چیاکانی زاگرۆسدا؟. بێگومان مێژوو هەر لەکاتی پەیدابوونی نووسینەوە لە هەرێمی سومەر و ئەکەد دا لە سێ هەزار ساڵ پێش زاینەوە دەستپێدەکات. هەرچەندە پێش ئەوەش هەوڵە سەرەتاییەکەی لەنیوەڕاستی هەزارەی چوارەوە دەستپێدەکا. واتە مێژوو لای ئێمە



پێنج هەزار ساڵە دەستپێکردووە. خەتی بزماریش وەک گوتم، یەکەم جار بە شێوەی پێکتۆگراف (وێنە) دەستپێدەکات، پاشان شێوەی ئایدۆگرام وەردەگرێت، واتە ئەوەی لە مێشکتدایە بەنیشانەیەک مرۆڤ دەریدەبڕیت، بەدەنگ، وەکو ئێستا نەبوو کە نیشانەکان "پیت" (حرف) بێت. وەک خەتی چینی و ژاپۆنی کە بەدەنگ دەیخوێنن. جا سەبارەت بە نێوی کورد، دەتوانین بڵێین، کۆنترین تابلۆیەک کە ئەم نێوەی تێدا دەبینرێت، دەگەڕێتەوە کۆتایی هەزارەی سێی پێش زایین، واتە نێزیکی دووهەزار و دووسەد و پەنجا ساڵ پێش زایین. ئەم تابلۆیە لەگەڵ کۆمەڵێک تابلۆی دیکە، لەنێوچەی سەرووی رۆژهەلاتی سووریای ئەمڕۆدا لەلایەن دەزگەیەکی شوێنەوارناسیی بەلژیکی ساڵی ١٩٨٨ دۆزرایەوە. ئەم نێوە بە واتایەکی تۆبۆگرافی دێتە بەرچاو. مەبەستیشم لەمە، وشەی کورد بەشێوەی " کوردا" نووسراوە تێیدا، چونکە لەخەتی بزماریدا وا باو بوو، کە هەر نێوێك دەبێت نیشانەی جنسی خۆی بۆ دابنرێت، واتە ئەگەر نێوێک هی خوداوەند بوایە، نیشانەی خۆی هەبوو، دەیانووسی "د"، لە وشەی "دنگر" هاتووە، واتە "خودا" جا ئەگەر نێوی گەلێک بوایە، بەشێوەیەکی دیکە دەیانووسی. ئەگەر نێوەکە هی زەوی و وڵات بوایە نیشانەی "ک" بوو. بە وڵاتیشیان دەگوت، "مات". جا لەو تابلۆیە نووسراوە "مات

کورداکی". به ولاتیش دەگوترا "مات". جا بۆیە نووسراوی ئەو تابلۆیە بە شێوەی "مات کوردا کی". دەخوێندرێتەوە (واتە ولاتی کوردا زەوی). بە بیروباوەری من، ئەمە کۆنترین بەڵگەیە کە نێوی کورد لە مێژوودا تۆمارکراوە . سەردەمی ئەم تابلۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی ٢٢، یان ٢٣ی پێش زایین، مەبەستیش لەم ولاتە ئەو نێوچەیە کە کەوتووەتە سەر رووباری خابوور و دەوروبەری شاری "حەسەکە" و، دەوروبەی جغجغە و تل الاسود لە سوریادا. جا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەوا نێوی (کوردا) لە هەزارەی سێی پێش زایین لەو هەرێمەدا ناسراو بووە و ئەگەر ئەم نێوە پێوەندییەکی ئەتەمۆلۆژی لەگەڵ نێوی نەتەوەیی کورددا هەبێت، ئەوا نێوچەی حەسەکە هەر لە دێرزەمانەوە بەشێك بووە لە ولاتی کوردەواریی. کە وابوو بوونی کورد لە سووریا بەو جۆرە نییە کە ئەوڕۆ دەوڵەتی سووریا پڕۆپاگەندەی بۆ دەکات و دەڵێت کەوا لە ترکیاوە هاتوون و، کوردستانیش لە خاکی سوریادا هەبوونی نییە. هەرچۆنێک بێت گرنگ نییە لەو سەردەمە کۆنەدا خەڵک بە چ زمانێک قسەی کردووە و، بە پێی زانیاریمان دانیشتووانی (کوردا) لە سەرەتای چەرخی مێژوویيدا بەزمانی "هووری" دواون، "هووری" ش زمانێکی "زاگرۆس" ییە، نەک "هێند و ئێرانی".

لە سەردەمێکی درەنگتردا نێوی ولاتی کورد، لای نووسەرانی یۆنان و رۆمان، وەک پۆلێبێوس و سەلێستێوس بە شێوەی (کۆردوینێ) تۆمار کراوە و، لەلای پلێنیوس وسترابۆن بە شێوەی (گۆردوینیی) بەرچاو دەکەوێت. لەسەدەی یەکەمی زایندا، لەلایەن پلوتارخوس کە بە عەرەبی پێیدەڵێن: "پلوتارخ" دیسان بەشێوەی کۆردۆیەنێ تۆمارکراوە. بەڵام لای نووسەرێکی رۆمانی بەنێوی یۆسفی فلاوی کە لەبنەرەتدا جوولەکەیە و خەڵکی فەلەستینە، هەروەها لە نووسینەکانی پتۆنیماییەس جێگری ئەلێکساندەر لە میسردا، نێوی ولاتی کوردەواری بەشێوەی "کوردییا" تۆمارکراوە و هەتاکو سەدەی چوارەم ئەم نێوە تۆپۆنۆمیە لەلایەن سیکتۆس رووفووس و ئۆزابیووس و ئەمیانۆس مەرکلینۆس، بەشێوەی کوردۆیەنێ، واتە نێوچە کوردییەکان ئەم نێوە تۆمار کراوە. لە راستیدا ئەمیانووس مەرکلینوس ئەفسەرێکی رۆمانی بوو، یان باشترە بڵێم بیزەنتی بوو، چونکە رۆمانیای رۆژهەڵات پێیدەڵێن "بیزەنتا"، کە لە نیوەراستی سەدەی چوارەم، دانیشتووی پێتەختی ولاتی کۆردوێنێ "ئامێد" (دیاربەکر) بوو. ئەمیانۆس، وەکو ئەفسەرێک لەونێوچەدا دەگەڕا و، تا نێزیکی "زێی گەورە"ی باشووری کوردستان جەولەی دەکرد، بۆ ئاگاداربوون لە جموجۆڵی لەشکری ساسانییەکان . ئەوجا کە ساسانییەکان، لەژێر سەرکردەیەتیی شاپوور کوری ئەردەشێر، شاری ئامێدیان گەمارۆدا، شەڕێکی زۆر لە ولاتی کۆردوێنێ کرا. کە ئەمیانۆس تێیدا بەشداری کردبوو، کارەساتە دلتەزێنەکانی ئەم شارەی لە پەرتوکەکەی خۆیدا بە درێژی تۆمار کردووە و زۆر جوان باسی شەڕی کوردەکان دەکا دژ بە لەشکرەکەی دەولەتی ساسانی، کە چۆن خۆیان نەداوەتە دەست، هەرچەندە ئاویشیان لێبڕاوە و تاوەکو زستان چاوەروانییان کردووە بۆ ئەوەی ئاوی باران بخۆنەوە و تا کشانەوەی شاپوور و لەشکرەکەی بەرگرییان لە شارەکە کردووە. جا ئەمیانۆس لە دە لاپەڕە لە پەرتوکەکەیدا، باسی ئەم شەڕە دەکات، کە لێرەدا نامانەوێت بە دوورودرێژی باسی بۆچوونەکانی بکەین.

لەهەزارەی یەکی پێش زایندا نێوی کورد هەر بەو شێوەیە دەبینین، بەڵام جار جار "ی" یەکیان دەخستەپاڵ وشەکە و دەیانکرد بە (کورتی). ئەوجا لە ساڵنامەکانی پاشایانی ئاشووردا زۆرجار ئەم نێوە دەبینین. بە بۆچوونی من، ئەم نێوی "کورتان" ە، کە ئاشوورییەکان باسی دەکەن، لە نووسراوەکانی ساسانیشدا، وەک (کارنامەکی ئەردەشێری پاپەکان) نێوی کورد هەر بەشێوەی "کورت" تۆمارکراوە و هەندێ جاریش بەشێوەی کۆم (کورتان) دەبینرێت. هەر بۆیە لە پەرتۆکی کارنامەکدا پێیاندەڵێن "مادگان" یان "کورتانی مادگان".

لەسەدەی پێنجەم و، دووسەت ساڵ پێش پەیدابوونی ئیسلام، نێوی ولاتی کورد هەر بەشێوە کۆنەکەی لە نووسراوەکانی کلێسەکانی ئەرمەنستان و یۆناندا هاتووەتە بەرچاو و، نێوی کوردیش لەم کلێسانەدا هەندێ جار بەشێوەی کۆردیلیا دەبینرێت، کەچی نێوی (کوردستان) لەکاتی هاتنی سەلجووقییەکان تۆماردەکرێت. لە راستیدا نێوی کوردستان، وەرگێراوی نێوی کۆردیلیایە. دەبێ بزانین ئەمرۆ تورک، نێوی کورد بە "ت" (کورت) دێنن و، بە کۆمەکەشی دەڵێن (کورتلەر). هەروەها "ئەرمەن" ییەکانیش بە "کورت" و کۆمەکەشی بە (کۆرتێر) نێو دەبەن.

***- پ: بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، پێش شۆڕبوونەوەی ئارییەکان، (ئەوەی ئەوڕۆ پێیان دەگوترێ "هێند و ئورۆپی") لە قەفقازیاوە بۆ**

**نێوەڕاست و خواروی ئاسیا، چەندین تیرە، یان رەگەزی جیاواز لە کوردستانی ئەوڕۆ و دەوروبەری زاگروسدا ژیاون. پرسیارمان ئەوەیە، ئایا گەلی کورد و زمانی کوردی، پاشماوەی رەگەز و زمانی ئەو هۆزەرەسەنانەی هەرێمەکەیە، یان لە ئارییەکانەوەیە، تکایە ئەم بابەتەمان بۆ رۆن بکەنەوە!**

و: جیاوازییەکی زۆرهەیە لەنێوان هیندوئاری و هیندوئێرانی و هەروەها لەگەڵ هیندوئۆروپی و، ئەمەی دواییان زۆر نەتەوە دەگرێتەوە، ئەمانەش گروپ گروپن. بۆوێنە، هیندوئۆروپی بە گشتی ئەمانەن:

گروپی یەکەم - هیندوئارییەکانی کۆن، واتە ئەوانەی لە هیندستان خاوەنی زمانی سانسکریتین و، بەوێدا بڵاوبوونەوە و ئەوانەی هاتنە ئێران، هەروەها کۆمەڵێک خەڵک هەبوون بەناوی سکیت، لای ئێمە پێیاندەڵێن "سەکەس"، لەنێوان کەرتی ئاسیا و ئۆروپادا دەچوون و داهاتن، کۆچەر بوون وهەندێکیان لە "سەگستان" بلاوبوونەوە، ئەمرۆ پێیدەڵێن سیستان، بەلام لە یۆناندا پێیاندەگوتن سکیت، ئەمانە وڵاتی بنەڕەتیان "ئۆکرانیا" بوو، بولغارستانیش بە سکیتیای خواروو دەژمێردرا. ئەمانە بە کۆمەڵێک زمانی هیندوئاری قسەیان دەکرد، کە زۆر نزیکی زمانی کوردیی ئەمڕۆ بوو.

دووهەم گروپ – گروپی سلاڤین: سلاڤی زۆرن، وەك رووس ، پۆلۆنی، مۆراویی، بولغاری ، بوسنەی، کورواتی ، چیکی، سلۆڤێنی .. هتد. وشەی سلاڤ، لەزمانی لاتینیدا بەمانای دیل، یان کۆیلەیە، چونکە ئەمانە لەلایەن رۆمانەکانەوە بە دیل دەگیران و، دەکران بە "عبد" (کۆیلە)، لەبەر ئەوە نێوی سلاڤ بەسەر ئەو نەتەوانەدا سەپێنرا، ئەوڕۆکەش بووە بەنێوی کۆمەڵێک لە گروپی زمانەوانی .

گروپی سێیەم لە هیندوئاری – "ئەنگلۆسێکسۆن" ین. پاشان "جێرمان"ین. جێرمانییەکانیش زۆرن، وەک لاتڤیا، لیتڤانیا، ئەڵمانیا و، نەمسا (ئۆتریش) و هۆڵەندا و ...هتد.

ئەمە هەمووی هیندوئۆروپییە، بەڵام ئێمە ئەگەر بێین، باسی هیندوئاری، یان هیندوئێرانی بکەین، هیندوئارییەکان کۆنترن لە هیندوئێرانییەکان. هیندوئێرانییەکان ماد و هەخامەنشی و پورت وساسانین، بەلام ئەوانەی لە هیندستان نیشتەجێ بوون و لەگەڵ ئێرانییەکاندا لەزماندا زۆر نێزیکی یەکتری بوون دەگەرێنەوە بەشێ هیندو ئارییەکان، لەبەر ئەمە ئەگەر زمانی ئاوێستای کۆن (گاتەکان)، بەراورد بکەین لەگەڵ نووسینەکانی سانسکرێتی هیندستاندا دەبینین زۆر نێزیکی یەکترین. بۆ وێنە بە ئاوێستایی بە "سوور" یان دەگوت "سوگرا"، لە هیندستان بە سانسکریتی دەیانگوت "چۆگرا"، هەروەها ئەمان دەیانگوت "ئەزم"، لە هیندستان دەیانگوت "ئەدم". قانوونێک هەبوو لەوشێوە زارانەدا، کە هەر شتێک لە هیندستاندا بە "س" بەکاربهاتایە، لە ئێراندا بە "هـ" بەکاردەهات، بۆ وێنە لە سانسکریتیدا بە (٧) یاندەگوت (سەپتا)، کە وشەی "سەبت" لەوەوە هاتووە. ئێرانییەکان پێیاندەگوت (هەپتا)، کە ئێستا پێیدەڵێن (حەفتە) ، لەگەل ئەو جیاوازییە، ئەم زمانانە لەبنەڕەتدا دەگەڕانەوە سەر زمانێکی یەکگرتووی کۆن کە بۆ ئێمە هیچی بەجێ نەهێشتووە، چونکە لە چەرخێکدا بەکارهاتووە پێش داهاتنی نووسین بووە. هەرچۆنێك بێت هیندوئارییەکان، پێش ئێرانییەکان هاتوونەتە چیاکانی زاگرۆس و، لە کوردستان و لە عێراقیشدا بڵاوبوونەتەوە. بۆ وێنە، لەسەرەتای هەزارەی دوو تەماشا دەکەین، لە رۆژئاوای کوردستاندا دەوڵەتێک پەیدا دەبێ، هێدی هێدی نێوچەی دهۆک و هەولێر و هەتا کەرکووکیش دەکەوێتە بن دەستی ، بەلام پێتەختەکەیان بە نێوی "واشووکانی" دەکەوتە نێزیکی "سەرکانی" و، "قامیشلی" ئەمرۆ . واشووکانی" لەزمانی ئەواندا، واتای "باش کانی" (کانی باش) ی هەبووە. چۆنکە ئەوان دەنگی "با" یان دەکردە "وا"، هەروەک چۆن لە کەرکووک دەڵێن "واران ئەوارێ" (باران دەبارێ)، ئەوجا بەو شێوەیە دەدوان. ئەمانە وەک عەرزم کردن، پێش چوارهەزار ساڵ دەوڵەتی خۆیان دروستکردووە. خۆشبەختانە، پاشاکانیان کە پێوەندییان لەگەڵ فیرعەونەکانی میسر پەیدا کردووە، نامەیان بۆ نووسێوە وهەندێکیان لە (تل العمارنە) لە میسردا دۆزراونەتەوە و لەم نامانە، وا دیار دەکەوێ کەوا فێرعەونەکان داوای کچیان لێکردوون و سێ نەوە لە شازادە مێتانییەکان شوویان بە فێرعەونەکان کردووە. ئەو نامانە ئێستا لە مۆزەخانەی بریتانیا و مۆزەخانەی بەرلین پارێزراون، هەروەها لە قاهیرەش دەبیندرێن. سەردارانی واشوکانی بە نێوی "میتانی" نێوبانگیان دەرکردبوو و لە گروپی هیندوئاری بوون، نەک هیندوئێرانی، لەبەر ئەوەی ئەم باسە دوورو درێژە پێویست ناکات لە سەری بڕۆین، تەنیا ئەوە پێویستە بڵێین کەوا کوردستانی ئێمە دەولەمەندە بە مێژووی خۆیەوە، ئەگەر ئێمە بتوانین زانستانە لێی بکۆڵینەوە!

**"ماویەتی"**

# خۆكوشتن

# Suicide

# (الانتحار)

نووسینی: مامۆستا محەمەد شەیدا

پێمۆایه كەس نییه بتوانێ دەستی بچێته خۆیەوه و، خۆی لەنێوبەرێ، ئەگەر لەبارودۆخێكی دەروونیی تەواو و هێمن و لەسەرخۆ و لەسەر هۆش و بیری ساخ و تەواونەبێت.

خۆكۆشتن بەومانایه دێت، كه كەسێک بیەوێ خۆی بكوژێ، بەئارەزوو، یان بیردەكاتەوه خۆی بكوژێ، بەبێئەوەی كەسێک هانی بدات. وابۆمان دەردەكەوێت، كه خۆكوشتن ڕووداوێكی كۆمەڵایەتییه و لەئەنجامی گەلێک هۆكاری جیاواز جیاواز و گەلێک شێوەی جیاواز جیاوازدا ڕوودەدات. واتا خۆكوشتن نەخۆشییەكی جیاواز نییه (ممیز)، ئەگەر خۆكوشتن وادابنێین كه نەخۆشییەكی تاكەیه و، لەو شێوەیە نییه (Sui – Generis)، ئەوه كێشەیەكی گشتییه و، هەڵگەڕاوەتەوه و بیرێكی هەڵەی وەرگرتووه به تاقیكردنەوه.

ئەو كەسانەی هەوڵدەدەن بۆ خۆكوشتن لەپێناوی ئازاردانی دەروونی خۆیان، یان بۆ جێبەجێكردنی مەبەستەكانیان، بۆ مردن نییه، بەڵكو بۆ مەبەستی ڕاكێشانی ڕووی خەڵكییه بۆ چەند دەستكەوتێک كه پێیدەوترێت هەوڵدان بۆ خۆكوشتن. ئەم حاڵەته لەنێو هەموو كۆمەڵێک وشارستانییەتێكدا ڕوودەدات، بەتایبەتیی كه مرۆڤ هەست به سەركەوتن، یان زیانی زۆر، یان تاڵی ژیان دەكات. ئەوەی هەوڵی خۆكوشتن دەدات، مەرج نییه تووشی **خەمۆكی** **(Depression)** بووبێت، یان نیازی مردنی هەبێت. هەندێک جار خۆكوشتن بۆ ئازای دەروونه **(Deliberate Salfharm)**، یان بۆ ڕاكێشانی سەرنجی خەڵكییه، یان بۆ جێبەجێكردنی مەبەستێک، یان بۆ چێژوەرگرتنه.

**سیجموند فرۆید**، باوەڕی وابووه كه ئارەزووی خۆكوشتن دەگەڕێتەوه بۆ غەریزەی ژیان ومردن كه ململانێی مرۆڤ دەكەن. هەندێ دەروونناسی دیكه، باوەڕیان وایه كه كاری خۆكوشتن، دەگەڕێتەوه بۆ غەریزەی دژواری لەدەروونی مرۆڤدا **(الغریزة العدائیهة)**، ئەم هێزه دەگۆڕێت، لەبری بەكار بێت بەرامبەر كەسانی دیكه، بەكاردەهێنرێت دژ به دەروونی خۆ.

لەنێو هەندێ شارستانیدا خۆكوشتن بەكارهێنراوه، وەک نیشانەیەكی خۆبەختكردن لەپێناوی پەرستراوی ئەو سەردەمەدا، یان خۆبەختكردن لەپێناوی كۆتایی پێهاتنی كارەساتێكی سروشتی وەک لافاو، بوومەلەرزه و بێبارانی، هەروەک لەسەردەمە دێرینەكانیشدا ڕوویداوه. زۆر لەو كەسانەی دەستیان دەچێته خۆوه، تووشی خەمۆكی و ناهومێدی دەبن. بەتایبەتی خەمۆكی ژیری (الكابة العقلیة). ئەو كەسانەی تووشی Depression دەبن، تواناى خۆلەنێوبردنیان تێدا هەیه، كه گرینگترین و ترسناكترین ڕووەكانی خەمۆكییه، بەتایبەتی ئەگەر ئەم حاڵەته بەردەوام بێ و، درێژه بكێشێت.

خۆكوشتن، له وڵاته خۆرئاوایەكان و ئەمریكا، زۆر پتره وەک له وڵاته خۆرهەڵاتییه ئیسلامییەكان. چونكه خۆكوشتن له ئیسلامدا قەدەخەیه و به تاوان و گوناهێكی گەوره دادەنرێت و ئەنجامدەرەكەی لەو دنیا سزای گەوره دەدرێت. هەروەک له ئاینی ئیسلامدا خۆكوشتن قەدەخەكراوه، له ئاینی فەلەشدا قەدەخەیه. یەكەم كەس كه لەئاینی فەلەدا بڕیاری قەدەخەكردنی خۆكوشتنی دەركرد، **Saint Auguestine** بوو له ٣٤٥ – ٤٣٠ زایینیی. سێنت ئەگوستینۆ خۆكوشتنی به گەورەترین تاوان وهەڵەی ژیان نێوبردووه. ساد سال دواتر (٥٦٦ی زایینیی)، شارەوانی شاری **Bragga** ، ڕایگەیاند، ڕۆحی ئەو كەسانەی خۆیان دەكوژن، له گۆڕستانیشدا ناحەوێتەوه و، نوێژكردنی لەسەر جەنازەی ئەو كەسانه قەدەخە كرد، كه خۆیان دەكوژن. لەم ساڵانەی دواییدا ڕێژەی خۆكوشتن له كوردستاندا زۆر زیاتر بووه، ئەوەش له ئەنجامی ئەو باره نالەبارەوەیه كه بەسەر كوردستاندا هاتووه. بەتایبەتیی باری ئابووری و كۆمەڵایەتی و هەندێ جاریش باری سیاسیی گرتووەتەوه. خۆكوشتن له كوردستاندا، لەنێو ژناندا زۆر باوه، وەک لەنێو پیاواندا، ئەمەش بەر لەوەی لایەنەكانی دیكه بگرێتەوه، بەزۆری دەگەڕێتەوه سەرباری كۆمەڵایەتیی. بەڵام بەلایەنی پیاوەوه، زۆر لەڕووەكانی ژیان دەگرێتەوه، هەر لەبواری ئابوورییەوه بگره، هەتاكو كۆمەڵایەتی و سیاسیی... زۆر له حاڵەتەكانی خۆكوشتن، سەركەوتووبێت، یان سەرنەكەوتوو، به پێشەكی و ئاگادارکردنەوەبێت، یان بێ ئاگاداركردنەوه، كەسەكه سووره لەسەر ئەوەی خۆی بكوژێت. ئەم جۆره حاڵەتانه نیشانەی تووشبوونه به نەخۆشی خەمۆكی. زۆر لەو كەسانەی دەیانەوێت

خۆیان بکوژن، بەنهێنی بەوکارە هەڵدەستن، لەترسی ئەوەی نەک سەرکەوتن بەدەست نەهێنن. خۆکوژ، کات دیاریدەکات و، دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە هەندێ پاڵپێوەنەر هەیە کار دەکاتە سەر کەسی خۆکوژ، کە ئەمانەن:

**١- لەنێو خێزانی خۆکوژەکەدا، خۆکوشتن روویدابێت لە رابوردوودا.**

**٢- سروشدان (الایحاء) بە خۆکوشتن، یان هەوڵدان بۆ خۆکوشتن.**

**٣- کەسەکە وابیردەکاتەوە، ژیانی لێ تاڵە و، مردن لەو ژیانەی پێ باشترە.**

**٤- هەستکردنی کەسەکە بەتاوانێکی گەورە و، بەرپرسیارێتیی ئەو تاوانە دەخاتە سەر ئەستۆی خۆی.**

**٥- هەندێک بیرۆکە دەست بەسەر هۆش (عەقڵ) و هزری کەسەکەدا دەگرێت و توانای کۆنترۆڵی خۆی نامێنێت.**

**٦- هەڵەشەیی لە هەڵسوکەوتیدا.**

**٧- راهاتنی کەسەکە لەسەر خواردنەوە و بێهۆشکەر (الشرب و المخدرات).**

**٨- ژیانی تەنیایی و نەگونجانی ئەندامانی خێزان پێکەوە.**

**لەهەندێک حاڵەتی خۆکوشتندا، دەتوانین بڵێین نەخۆشییەکی دەروونییە، هۆیەک، یان چەند هۆیەک لەم حاڵەتە لە مرۆڤدا پێکدێنێ، دەشتوانین بڵێین رەنگە هۆکارەکانی خۆکوشتن نهێنی بن و، لای کەسان ئاشکرا نەبێت.** خۆکوشتن لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵدا روودەدات، لە دەوڵەمەند و هەژار و لاو و پیر و لە ژن و لە پیاو. خۆکوشتن جۆری زۆرە و کەرەستەکانی خۆکوشتنیش جۆراوجۆرن، وەک خۆکوشتن بە پەت، بە چەقۆ، بە گوێزان و خەنجەر و دەمانچە و تفەنگ، یان خۆکوشتن بە سووتاندن، بە خواردنی ژەهر و دەرمانی بێهۆشکەر، خنکاندن بە ئاو، خۆکوشتن بە تەقینەوە، بە بەستنی پشتێنی چینکراو، یان بە تەقینەوەی ماشێنی بۆمبڕێژکراو، یان خۆخستنە خوارەوە لە باڵەخانەیەکی بەرزەوە. بەشێکی دیکەی کەرەستەکانی خۆکوشتن، بنزین، نەوت، شەمچە (شقارتە)، گاز، رووبار و زەریا و خواردنەوەی زۆر.... .

ئەو کارەساتانەی ئەمڕۆ لەهەندێ وڵاتانی جیهاندا روودەدات، زۆر سەرسووڕماوە. هۆکارەکانی لە هەندازەی بیرکرنەوە و هۆش دەرچووە. بەتایبەتیی، خۆکوشتن بە تەقینەوە! ئەم جۆرە کارە مەبەستی لەوە نییە کەسێک خۆی بکوژێت، بەڵکو کەسی خۆکوژ مەبەستێکی زۆر جیاوازی هەیە، ئەویش ئەوەیە کەرەستەکان و پێویستییەکانی خۆکوشتن ئامادە دەکات. لێرەدا

کۆمەڵێک خەڵک لەگەڵ خۆی بکوژێ، بێتاوان بن، یان تاوانبار. هەروەک لە عێراق و جەزائر و مەغرب (مەراکش) و فەلەستین و تورکیا و ئەفغانستان و پاکستان و هەندێ وڵاتی دیکە روودەدات. هۆکاری سەرەکیی ئەم جۆرە خۆکوژییانە، ئامانجی سیاسی و ئاینیی لە پشتەوەیە. لایەنی دۆڕاو، هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە ئاژاوە و پەشۆکی بخاتە وڵاتەوە، دژ بە بەرامبەرەکەی بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی لەدەستچووی، جا حیزب بێت، یان کۆمەڵە کەسانێکی دۆڕاو، وەک بەعسییەکانی عێراق کە ئۆتۆمۆبیلی مینڕێژکراو بەکاردەهێنن و، نیوی ئەوەیان لێناوە کە بەرهەڵستی و نیشتمانپەروەرێتییە. ئەم جۆرە کەسانە پایە و دەسەڵاتیان لەدەستچووە، ماڵ و سامان و داراییەکیان کە لەسەرحیسابی خوێنی گەلەکەی پێکەوەیان نابوو، لەدەستیانداوە، داهاتیان نییە، ئەمەش وایلێکردووە تووشی هیستریا و **سایکۆباسی و شیرۆفرینیا** بێت. واتە ئەم جۆرە کەسانە دەست دوژمنانی ئەم گەلە کەوتوون، ئەمانیش بێبەزەییانە بە ئارەزوی خۆیان بەکاریان دەهێنن بۆ مەبەستە چەپەڵەکانیان، بێئەوەی تۆزقاڵێک هەستی مرۆڤایەتی و ویژدانیان تێدابێت. بەڵام رووی ئاینییەکەی ئەبێت هەموومان باش بزانین کە ئیمپریالیزم لە دێرزەمانەوە ئاینی بەکار هێناوە بۆ دروستکردنی ناکۆکی و دووبەرەکیی لەنێوان ئەو گەلانەی کە دەستی گرتبوو بەسەریاندا، بۆ ئەوەی بتوانێت بەهاسانی کانزا و سامانی سروشتی و کشتوکاڵیی وڵاتەکان بخاتەژێر چەپۆکی خۆیەوە. یان ئیمپریالیزم کۆمەڵێکی ئاینیی دروستدەکرد و، بەکاری دەهێنا دژ بە دوژمنەکانی – هەروەک لە ئەفغانستاندا روویداوە. بەڵام ئەو شێوەیەی کە لەپێشدا لە ئەفغانستاندا بەکارهێنراوە، زۆر جیاوازە لەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ لە عێراق و جەزائردا بەکاردێت. ئەو شێوەتازەیەی کە لە عێراقدا بەکاردێت، بریتییە لە دروستکردنی جیاوازی لەنێوان مەزهەبە ئیسلامییەکاندا وەک سوننە و شیعە.

هەروەک لەسەرەتاوە باسمکرد، کەس نییە، دەستی بچێتە خۆیەوە، ئەگەر لە باروودۆخێکی دەروونیی تەواودا بێت. ئەو کەسانەی خۆیان دەتەقێننەوە، مرۆڤی سروشتی نین، بەڵکو نەخۆشن و، نەخۆشییەکەشیان دەروونییە. خەڵەتێندراون بە کۆشک وتەلار و حۆری و بەهەشتی ئەو دنیا. لێرەدا ناڵێم بە ماڵ و سامان و کورسی، چۆنکە **ئەمانە پاش مردن** سوود نابەخشن. ئەو کەسانەی خۆیان دەتەقێننەوە، لاوی تەمەن منداڵی ١٣ – ٢٠ – ٢٢ ساڵن. ئەمانە بە **سروشتی راستەوخۆ (الایحاء**

**المباشر)** مێشکیان ئاو دراوە و، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراون. ئەوەش نابێت لەبیربکەین کە لایەنێک هەیە لە پشتیانەوە رایاندێنن و پەروەردە و ئامادەیان دەکەن. هەندێکی دیکە لەمانە دەماخیان دەشۆرێتەوە بە خوێندنی موگناتیسی، کاتی بەکارهێنانیان **تەوقیت (قورمیش)** دەکرێن و، هەموو فەرمانێک جێبەجێ دەکەن. ئایا ئەمانە چ ناوێکیان لێدەنرێت؟! نێشتمانپەروەرن؟ ئیسلامی راستن؟ خەمخۆری گەلەکەیانن؟

نەفرەت لەمانە کە دوژمنی گەلن و خواناس نین، چۆنکە ئاین خۆکوشتنی قەدەخە کردووە و، ئیسلامیش نەفرەتیان لێدەکات.

## "هۆکارەکانی خۆکوشتن"

### ١–هۆکاری کۆمەلایەتی:

ئەمرۆ، کۆمەلانی جیهان، لەبارودۆخێکی ئالۆز و ناهەموارردا دەژین. لە قۆناخێکدا کە گۆرانکاریی نێو کۆمەڵ بەخێرایی دەروات و کارێکی وایکردووە ژیانی کۆمەلایەتی ئالۆز کردووە، ئەم دۆخەش لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی دیکە دەگۆردرێت، بۆ نموونە باری کۆمەلایەتی لە ئۆروپا و ئەمریکادا جیاوازە وەک لە لەنێو کۆمەلانی خورهەلاتدا. کۆمەلانی ئۆروپا و ئەمریکا، شانبەشانی گۆرانکارییە خێراکاندا دەرۆن و خۆیان دەگونجێنن، کە ئەمە زۆر گرانە بە نیسبەت کۆمەلانی خورهەلاتەوە. چۆنکە تا ئەمرۆ ئاین بالادەستە و هەموو رووەکانی ژیانی خستووەتە ژێر باڵی خۆیەوە. دەرچوون لەو بارودۆخە هاسان نییە. بۆ نموونە رۆژێک پیاوێکی ئینگلیز دەگەرێتەوە ماڵەکەی خۆی و دەبینێ پیاوێکی نامۆ لەگەڵ ژنەکەی لەژووری نووستن پێکەوە لێی راکشاون. پیاوە ئینگلیزەکە خۆشی لە ژن وپیاوە نامۆکە تێکنادات و، دەچێت لە هۆڵەکە دەخەوێ. ئەگەر ئەم حاڵەتە لە خێزانێکی خورهەلاتیدا روویدات، پیاوەکە دەستدەداتە دەمانچە، یان خەنجەر و ژن وپیاوەکە دەکوژێت. ئەمەش هەندێک نموونەی خۆکوشتنە لەرووی کۆمەلایەتییەوە.

هەندازیارێکی کورد لە شاری بەغدا، خۆی بە پانکەی ژووری نووستنەکەیاندا هەڵدەواسی و، کۆتایی بە ژیانی دێنێت. هۆی ئەم رووداوە ئەوە دەبێت کە رادەی چینایەتی و کۆمەلایەتیی نێوان ژن و مێردەکە جیاواز دەبێت. ژنەکە خۆی بە بەرزتر دەزانێ لە مێردەکەی و، هەمیشە ئەو جیاوازییە بەرووی مێردەکەیدا دەداتەوە. لە ئەنجامدا کەس و کاری ژنە و مێردە دەستدەخەنە کێشەکەیانەوە و، لە بری یارمەتیدانیان، هێندی دیکە کێشەکەیان لێ ئالۆز دەکەن، کە ئەنجامەکەی بەو رووداوە دڵتەزێنە کۆتایی پێدێت.

لەساڵی ١٩٥٠، گەنجێکی شۆخ و شەنگ لە کەلاوەیەکدا خۆی بەگوێزان سەردەبرێت. هۆی ئەم رووداوە ئەوە بوو باوکی لەهەموو کات و شوێنێکدا دەیوت: "حەمە ساڵح نان زۆر دەخوا و بەرگ وپێڵاوی زۆر دەدرێ". هاورێکانی حەمە ساڵح هەمیشە گاڵتەیان پێدەکرد و، قسەکانی باوکیان بە گوێیدا دەدایەوە، لەبەر ئەمە حەمەساڵح وای بە باشزانی کە خۆی لەو ژیانە رزگار بکات.

کچ وکورێک لە منداڵییەوە یەکیان خۆشدەویست. کورەکە پاش ئەوەی کاری دەستدەکەوێت، خۆی ئامادە دەکات بۆ ژنهێنان. دەچێت بۆ ماڵی کچە و داوای دەستی کچە دەکات لە باوکی، بەڵام باوکی کچە ئامادەنابێت کچەکەی بدات بە کورەکە، بە بیانووی ئەوەی گوایە ئاستی چینایەتی وکۆمەلایەتییان جیاوازە. بەڵام پاش ماوەیەک، پیاوێکی بە تەمەن داوای



کچەکە دەکات، باوکی کچەش راستەوخۆ رازیبوونی خۆی پێشاندەدا، کە کچەکە بەمە دەزانی و، لەنێوەی شەودا گوریس دەخاتە ملی و خۆی دەخنکێنێت.

**ژنێکی شۆخ وشەنگ، پێش چەند ساڵێک لەمەوبەر، لەداخی مێردەکەی خۆی دەسووتێنێت. هۆی دڵتەزێنە ئەوە بوو، کە مێردی ژنەکە، حەزی لە ئامۆزایەکی خۆی کردووە و، لەکاتی ناخۆشی لەگەڵ ژنەکەیدا هەموو کاتێک ئامۆزاکەی وەک ژنێکی نموونەی شاژن نێوبردووە و، هەموو جارێکیش گوتوویە ئامۆزاکەم دەهێنم. ئامۆزاکەشی شووی کردبوو، مێردەکەی زۆر بە توند وتیژیی لەگەڵی**

**هەڵسوکەوتی دەکرد. ئەنجامەکەی ئەوە بوو، ژنەکە خۆی سووتاند. ئەم رووداوە**

## هۆکاری ئابووری:

ئەمرۆ، ژیانی ئابووری لەنێو کۆمەڵانی جیهاندا رۆڵێکی باڵای هەیە. وەک ئەمرۆ باوە لەنێو کۆمەڵاندا، پارە وپووڵ هەموو شتێکە و هەموو رووەکانی ژیان بە پارە و پووڵ بەرێوەدەچێت. بەختیاری و کامەرانی بە پارەیە، تەمەندرێژی و لەشساخی هەر بە پارەیە و، زۆر لە ئامانج و خیاڵە ئەفسانەکان بە پارە دێتەدی. نزمیی باری ئابووری وەها کێشە بۆ مرۆڤ دروستدەکات، کە هەزاران خێزان لەبەر یەک هەڵدەوەشێنیتەوە ،و هەزارانیش لە پێناویدا خۆیان کوشتووە، یان شەرەف و ناموسی خۆیان لەدەستداوە.

زۆر لەو کەسانەی خاوەنی کورسی و ماڵ وسامان بوون و، لەدەستیان چووە، یان شێت بوون، یان راهاتوون لەسەر خواردنەوە و بەکارهێنانی بێهۆشکەر، یان روویان کردووەتە چەک، کە ئەویش کوشتنە. هەزاران نموونەی زیندوو هەیە لەسەر ئەم حاڵەتە لە کوردستان و، لە دەرەوەی کوردستان.

شاری **مۆنت کارلۆ** یەکێکە لە شارە بەناوبانگەکانی جیهان و مۆڵگەی گەورەترین قومارچییەکانی جیهانە. لەم شارەدا بە سەدان قومارچی جیهانیی کە ملیۆنیر بوون، بە تەوری پشت وەرەقەی قومارەکەی یارییان پێدەکرد، خۆیان کوشتووە، چونکە بە قوماری گەورە، هەموو سامان و موڵکیان دۆراندووە و لەدەستچووە. لەساڵەکانی ٢٠٠٠ دا، دۆلار لە عێراقدا زۆر شکا و نرخی دابەزی. بەهەزاران لە بازرگانەکان زیانیان لێکەوت و تووشی نەخۆشی دڵ بوون. هەندێکیان مردن. ئەوانەی کە بەپارەی خەڵکی وقەرز و قۆڵە کاسبییان بە دۆلار دەکرد، روویانکردە خۆکوشتن. زۆرکەس لەبەر بێدەرامەتی و بێکاری و هەژاری، روویانکردووەتە خۆکوشتن.

## هۆکاری سیاسیی:

ئەم جۆرە هۆکارە، هۆکارێکی نوێیە لەنێو کۆمەڵانی جیهاندا. زۆر لە سیاسییە بەناوبانگەکان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە سیاسییەکانی نەتەوەکەیان روویانکردووەتە خۆکوشتن، وەک رزگاربوونی زیندانییە سیاسییەکان، یان دەرچوونی بێگانە لە وڵاتەکەیان، یان پووچکردنەوەی ئەو پەیمانانەی کە وڵاتەکەیانی بەستووەتەوە بە دەوڵەتێکی ئیمپریالی گەورەوە، **وەک پەیمانی ١٩٣٠ لەنێوان عێراق و بریتانیا، وەک پەیمانی بەغدا لە ١٩٥٤**.

گەلێک لە ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە تورکیا روویاندکردە خۆکوشتن لە پێناوی جێبەجێکردنی داواڕەواکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان. ساڵی ١٩٩٦ لەشاری هەولێر – پێتەختی کوردستان، چەند مامۆستایەکی بەنرخ و بەرێز و نیشتمانپەروەر، روویانکردە خۆکوشتن لەپێناو وەستانی شەڕی نێوخۆیی لە کوردستاندا.

## هۆکاری دەروونیی:

**سیجمۆند فرۆید** دەڵێ: (ئارەزووی مردن، یەکێکە لەو دوو غەریزەیەی کە دژ بە مرۆڤە، ئەویش غەریزەی مردن و ژیانە). هەندێ دەروونناسی دیکە دەڵێن: "خۆکوشتن دەربرینی هێزی غەریزەی دەستدرێژیی نەرۆڤە بۆ سەر خۆی". ئەم هێزە دەگۆڕێت بۆ دژایەتی بەرامبەر کەسانی دیکە و، ئازاردانی دەروون. زۆر لە زانا و دەروونناسەکان ئەمە واروون دەکەنەوە، خۆکوشتن ڕاپەرینی هەستە بە خراپەکاری و تاوان و ئازاردانی دەروون.

**تووشبوون بە نەخۆشی خەمۆکی، یەکێکە لە هۆکارەکانی خۆکوشتن.** هەموو دۆخێکی خەمۆکی و پەژارەی دەروون، پاڵنەرە بۆ خۆکوشتن، بەتایبەتیی لە تەمەنی لاویدا کە بەخێرایی دەیەوێت رزگاری بێت لەو دۆخە دەروونییەی کە تێیدادەژی. بۆ نموونە: کیژێکی لاو لەتەمەنی ١٩ساڵیدا کە خوێندکاری دوانیوەندیی دەبێت، هەر لە منداڵییەوە هەست بە تاڵی ژیان دەکات، هەمیشە دڵتەنگ و مات ومەلوول دەبێ. زووهەڵدەچێ، قسە لەکەس قبوڵ ناکات. رۆژێک لەگەڵ براکەیدا ناخۆشی دەبێت، پاش ماوەیەکی کورت، کیژەکە روودەکاتە خۆکوشتن و، خۆی لە مەینەتیی دنیا رزگاردەکات.

ژنێکی ئینگلیزی، تووشی نەخۆشی خەمۆکی دەبێت. لەساڵەکانی ١٩٨٠ دا، بەهۆی بوونی کێشە و ئاژاوە لەنێو بنماڵەکەی و، سەرهەڵدانی ناکۆکیی لەگەڵ مێردەکەی. ئێوارەیەک خواردن دەدات بە منداڵەکانی و دەیانخەوێنێ و، پێش ئەوەی مێردەکەی لە کار بگەڕێتەوە (١٠٠) دنک حەبی **(ئەللومنال)** دەخوات، بەڵام چارەنووسی تەواو نابێت و فریای بیمارستانی دەخەن و، رزگاری دەکەن لە مردن.

جگە لە نەخۆشی خەمۆکی، هەندێ نەخۆشی دیکەی دەروونی هەیە کە هانی مرۆڤ دەدات بۆ خۆکوشتن، وەک نەخۆشی هیستریا، شیزۆفرێنیا Shizophrenia. ئەم نەخۆشییە دەروونییانە دەبنە هۆی پەشۆکی مێشک **(دەماخ)،** کە مرۆڤ ناتوانێت کۆنترۆڵی خۆی بکات و، ژیانی دەکەوێتە دەست قەدەر.

# وتەیەکی پێویست!

## خوێنەرەوەی بەڕێز!

لەمێژووی هاوچەرخ و، لەنێو زانایانی گەورەی کورد لە سەت ساڵی رابوردوودا، مامۆستا جەمال نەبەز، جێگە و پێگەیەکی هەرە بەرز و دیاری هەیە و، بە مامۆستای کوردایەتی و، داڕێژەری زانستانەی بیری پیرۆزی سەرفرازی و رزگاریی کورد دەژمێردرێت. مامۆستا جەمال نەبەز، بەدەیان پەرتۆکی رامیاری و مێژوویی و هزری نەتەوەیی و بوارەکانی دیکەی زانستی و کۆمەڵایەتیی، بە شێوەی بابەتانە و زانستانە، پێشکێش بە پەرتۆکخانەی کوردی کردووە و، گەنجینەیەکی بەپێز و بەنرخی بۆ بەرەی ئەوڕۆ و وەچەکانی داهاتوو بەجێهێشتووە. لەڕیگەی بەرهەمەکانییەوە، بەدەیان و سەتان قوتابی و پێرەوی رێبازی پیرۆزی کوردایەتیی پێگەیشتوون. بەشێک لە پەرتۆکەکانی مامۆستا، پتر لە پەنجا ساڵ لەمەوبەر چاپکراون، کە بەهۆی دواکەوتوویی ئەوکاتی کوردستان، لەرووی راگەیاندن و کەرستەی چاپەمەنی و، نەبوونی چاپخانەیەکی پێشکەوتوو لە کوردستان و عێراق، بەرهەمەکان لەڕووی تەکنیکی چاپەوە لاواز و ناتەواون. جگە لەوەش، نووسەر لەو سەردەمەدا، تاکاتی بەچاپگەیاندنی بەرهەمەکانی، دەبوو گەلێک کێشە و کۆسپی جۆر بەجۆر تێپەڕ بکات، تا بتوانێت، ژمارەیەکی کەم لە بەرهەمێکی بگەیەنێتە دەستی خوێنەرەوەی کورد.



یەک لەم بەرهەمانەی مامۆستا نەبەز، نێوی "خوێندەواری بە زمانی کوردی" یە، کە ساڵی ٢٥٦٩ی کوردی، بەرامبەر بە ١٩٥٧ی زاینی بڵاوکراوەتەوە. دوکتۆر جەمال نەبەز لەم پەرتۆکەیدا، ئاستی رۆشنبیری کوردیی زیاتر لەنیو سەدە لەوەپێشی خستووەتەڕوو، هەروەها گەلێک پێشنیازی بەنرخی بۆ پێشخستنی بواری رۆشنبیریی کوردی خستووەتە بەر سەرنجی خوێندەوار و رۆناکبیری کورد لەو سەردەمەدا، کە پاش تێپەڕبوونی پتر لە پەنجا ساڵ، جێی داخە، بەشێکی زۆر لەو کەموکورتییانە، ئەوڕۆکەش هەر ماون و، لەنێو نەچوون. تەنانەت، ١٥ ساڵ دوای رزگاربوونی بەشێکی خاکی نیشتمانەکەمان و، بوونی دەسەلاتی خۆیی لە باشووری کوردستان، هێشتا هیج نێوەندێکی سیاسی و ئابووری و لەشکری و داد و یاسادانان و، پەروەردەمان نییە کە بەروانگەی کوردستانی و، ستراتیژێکی نەتەوەیییەوە داڕێژرابێتن. هێشتا بیروباوەڕی نەتەوەیی لەوپەڕی لاوازیدایە، بیری چەوتی حیزبپەرستی و، ئێرانچێتی و عێراقچێتی و ترکچێتی و سووریاچێتیی، باڵی بەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا کێشاوە. بیری سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردیی، جێی خۆیداوە بە پارەپەرستی و، بەرژەوەندیی ئابووری و، دەستەو دەستەگەرێتیی.

ئەم کۆسپ و کەموکورتییانەی ئەوڕۆکە باڵیان بەسەرتاخوازی کوردستاندا کێشاوە، پتر لە رابوردوو، ئەرکێکی گەورە و مێژوویی و نەتەوەیی، بەرەوڕووی نیشتمانپەروەرانی راستینەی گەلەکەمان کردووەتەوە. پێویستە بەهەموو شێوازێک تێبکۆشن بۆ پەرەپێدانی بیری سەربەخۆیی و، هۆشیارکردنەوەی چین و توێژەکانی کوردستان. لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە نەتەوەییە لەماوەی چەند ساڵی رابووردوودا، بەدەیان پەرتۆک و گۆڤار و راگەیاندراوە لەلایەن کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بڵاوکراوەتەوە و، ئامادەکردنی چەند پەرتۆکێک لە نووسراوەکانی مامۆستا نەبەز، لەریزی ئەو چالاکییە رۆشنبیرییە نەتەوەییە بوون. لەداهاتووشدا، کۆی نامیلکە و پەرتۆکە کۆنەکانی مامۆستا، چاپ و بڵاودەکرێنەوە. بەو هیوایەی کە پاش دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدانی بێئەژمار، خەباتی نەتەوەی کورد، بکەویتە سەر شاڕێی خەبات لەپێناو رزگاریی یەکجاری و، دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان.

**سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی بەشی یەکەمی "خوێندەواری بەزمانی کوردی" رادەکێشم. شایانی باسە، هەندێک لە وشەکان بەپێی شێوازی نووسینی ئەمڕۆ نووسراونەتەوە!**

سەربەرزیتان ئاواتەخوازم:

سیروان کاوسی

# پاش سی ساڵ

## چەند وشەیەک بەبۆنەی چاپی دووەمینی نامیلکەی

# "خوێندەواری بەزمانی کوردی"

## لەساڵی ١٩٨٧ دا لە سوید!

ئەورۆ، ٢٩ی مانگی ئابی ١٩٨٧، سی ساڵی رەبەق (*١) تێپەڕی بەسەر تەواوکردنی ئەم نەمیلکەیەدا، کە لەسەردەمی خۆیدا لە کەرکووک نووسیومە، کاتێک مامۆستای ماتماتیک و فیزیک بووم لە قوتابخانە نێوەندییەکانی ئەوێ. ئەو باسانەی لەم نامیلکەیەدا جێیانکراوەتەوە، هەموو لەو بابەتەن کە پێوەندییان بە گیروگرۆی مەسەلەی زمان و رۆشنبیری کوردەوە هەیە و، باسی ئەو بەرهەڵستانە دەکەن کە دێنە رێی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری بەزمانی کوردی، هەروەها بریتین لەو پێشنیازانەی کە بۆ یەکەمین جار، خراونەتە بەردەم رۆشنبیرانی کورد بۆ لێکۆڵینەوە و لێهوردبوونەوە و توێژینەوەیان.

لەبەشی یەکەمی نامیلکەکەدا، جارێ باسی ئەو بەرهەڵستانە کراون کە خراونەتە سەرڕێی بڵاوبوونەوە و پێشکەوتنی زمانی کوردی، لەوانە: بەربەرەکانێکردنی زمانی کوردی بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەلایەن داگیرکەرانی کورستانەوە و، بەنیازی تواندنەوەی نەتەوەی کورد (ل ١ – ٥)، کە ئەمەش بەری ئەو دۆخەیە کە کورد لە باری سیاسییەوە، لەژێر چەپۆکی چەند رژێمێکی بێگانەدا دەژی و، هەر رژێمەش بەجۆرێک دەیەوێ بیتوێنێتەوە. ئەوجا باسێکی تەنگ و چەڵەمەی جیاوازیی شێوەکانی زمانی کوردی دێ و، هۆیەکانی ئەم جیاوازییە و، رێ و شوێندانان بۆ سووککردنیان پێشاندەدرێ (ل ٥ – ١٣). لەم مەیدانەدا: "پێرەوکردنی ئەلفوبێی لاتینی لە لایەن هەموو نەتەوەی کوردەوە، بە هەنگاوێکی گەورە" دانراوە (ل ١٠)، چۆنکە ئەگەر کورد هەموویان توانییان نووسینی یەکدی بخوێننەوە، ئەوسا فێربوونی شێوەی یەکدی هاسانتر دەبێ بۆ گشتیان. شایانی باسە کە هەر خۆشم لەوکاتانەدا، هەوڵمدا رێنووسی لاتینی لە خوارووی کوردستاندا بڵاوبکەمەوە. (تەماشای نامیلکەی "نووسینی کوردی بەلاتینی" بکە – چاپی یەکەمین، بەغدا ١٩٥٧ و چاپی دووەمین، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، سوێد ١٩٨٧). دوای ئەمە باس دێتە سەرباسی کەمیی دەزگەی چاپکردن و بڵاوکردنەوە

لە کوردستاندا (ل ١٣– ٢٥)، چۆنکە ئەو دەمە لە خوارووی کوردستاندا هەر چاپخانەی "ژین" لە سلێمانی و چاپخانەی "کوردستان" لە هەولێر و چاپخانەی "تەرەقی" لە کەرکووک هەبوون و، بنکەی چاپەمەنیش (دارالنشر) هەر نەبوو.

ئا لێرەدا، دەستیشم بۆ ئەوە راکێشاوە کە ئەو رۆژە لەهەموو نێوچەی بادینان دا، نە چاپخانەیەک هەبوو، نە رۆژنامەیەکی کوردی. لەبەر ئەوە پێشنیازی کڕینی چاپخانەیەکم کردبوو، کە وەک "شیرکەتێکی موساهەمە" لە جێیەکی وەکو کەرکووکدا دابنرێ (ل ٢٤). پاشان باسێکی ئەو گەڕ و گێچەڵ و کوێرەوەرییەم کردووە کە بەسەرنووسەری کورد دەهات، کاتێک ناچار دەبوو، نووسینەکەی لە بەغدا لە چاپبدات. دوای ئەمەش، چوومەتە سەرباسی کەمیی کتێبخانە و کتێبفرۆشی لە کوردستانی ئەو سەردەمەدا. شایانی باسە کە هەر لە چلەکانەوە کتێبفرۆشییەک لە هەولێر، بەرامبەر قەڵاکە هەبوو بەنێوی "سەربەستی" یەوە کە خاوەنەکەی کاک مارف سەربەستیی بوو. لە سلێمانیش هەر لە کۆنەوە قادرئاغای عەتار هەبوو، کە رۆژنامەفرۆش بوو و، جاروبارێکیش کتێبی کوردی دەفرۆشت، دوایی کتێبفرۆشییەک دانرا بەنێوی "ئازادی" یەوە و، لە کۆتایی چلەکانیشدا رەئووف مارف کتێبفرۆشیی "گەلاوێژ" ی بەرامبەر قوتابخانەی "فەیسەڵییە"ی کۆن کردەوە و، لە نێوەڕاستی پەنجاکاندا کتێبفرۆشیی "زیوەر" لە نێزیک "گەلاوێژ" ەوە دانرا. بەڵام ئەوەی راستی بێت، لەو رۆژانەدا کۆگای "سرۆچک" کە خاوەنەکەی کاک جەلال تەوفیق بوو، تاقە بنکەیەک بوو لە سلێمانی کە بەتایبەتیی، خۆی بۆ کڕین و فرۆشتنی پەرتۆکی کوردی تەرخان کردبوو. جا هەرچەندە کاک جەلال کتێبفرۆش نەبوو، بەڵام کوردایەتی وایلێکربوو بکەوێتە فرۆشتنی پەرتۆکی کوردی، بێئەوەی هیچ سوودێکی تایبەتی خۆی تێدابێت. "عەزیز پشتیوان" یش لە خانەقین هەر ئەم دەورەی دەدی و، "عومەر بێکەس" یش لە کەرکووک کە دووکانێکی قنگەجنۆکەی هەبوو، بە

هەزار حاڵ جێگەی خۆی تێدادەبووەوە، ئەویش هەر پەرتۆکی کوردیی دەفرۆشت. لێرەدا ئەوە بهێنمەوە یاد، کە بەهەشتی ئۆستاد بەشیر موشیر، کۆنترین کوردێک بوو کە هەر لە بیستەکانەوە دوکانەکەی، کە بەرامبەر مزگەوتی "حەیدەرخانە" بوو لە بەغدا، کردبوو بە پێشانگەیەک بۆ پەرتۆکی کوردی و، شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەو کوردانەی لە بەغدا دەژیان، یان رێیان دەکەوتە ئەوێ.

لەبەشی دووەمی نامیلکەکەدا، باسی ئەو کاروبارانەم کردووە کە پێمواوبووە، دەبوو ئەو رۆژانە بکرانایە، وەک دامەزراندنی پێوەندییەک لەنێوان ئەدیب و نووسەرەکانی کورددا بەنێوی "دەستەی نووسەرانی کورد" ەوە (ل ٢٧ – ٣٤)، کە هەوڵی کۆکردنەوەی دەستنووسە کوردییە کۆنەکان و ئەو سەرچاوانە بدات، کە بە زمانی بێگانە لەسەر کورد و کوردستان نووسراونەتەوە، بۆ ئەوەی پاش بژارکردن و لێکۆڵینەوەی زانستانەی دەستنووسەکان، بڵاویان بکاتەوە و ئەو پەرتۆکانەی بەزمانی بێگانەن، بیانکاتە کوردی. پێشنیازێکی دیکەم، کە ئەوەیش بۆ یەکەمجار بڵاوکراوەتەوە، دامەزراندنی "کۆڕی زانیاری – زمانەوانی" بوو (ل ٣١ – ٣٤)، کە لە چەند کەسێکی واپێکهاتبێ کە هەموو لە وێژە و مێژووی نەتەوەی کورددا پسپۆڕ بن و، بە هاوکاری چەند شارەزایەکی دی کە هەر یەکەیان، بێجگە لە زمانی کوردی، لە لقێکی زانستدا دەستێکی باڵایان هەبێ، هەوڵبدەن زاراوەی زانستی و هونەری بۆ زمانی کوردی دروستبکەن و پەرتۆکی سەر بە زانست و هونەر بکەن بە کوردی و، گۆڤارێکی زانستانەش بەزمانی کوردی دەربکەن. پێشنیازی ئەوەشم کردبوو کە "دەستەی نووسەرانی کورد" و "کۆڕی زانیاری – زمانەوانی" هاوکاری و ئالیکاریی یەکدی بکەن (ل ٣٤). راستییەکەی خۆشم لە مەیدانی پێکهێنانی "کۆڕی زانیاری" دا، بەداهێنان و دروستکردنی زاراوەی زانستانە و نووسینی پەرتۆکی فیزیک وجەبر، سەردەقی ئەم کارەم شکاند. جا هەر چەند، پاش رێککەوتنی مارتی ١٩٧٠ لەنێوان سەرکردەیەتیی شۆرشی کورد و رژێمی بەعس، "کۆڕی زانیاری کورد" دروستبوو، بەڵام ئەم کۆڕە ئەکادیمیایەکی زانستانە نەبوو و، لە سنووری بەرپرسیارێتیی خۆشیدا، دەورێکی وای نەدی کە بەدڵی من بێ. بێگومان، ئەز هەر لەسەر تێکۆشینی خۆم بەردەوام بووم، تا لە هاوینی ساڵی ١٩٨٥ دا و، پاش هەوڵوتەقەلای ساڵانی ساڵ توانیم ئەو ئاواتە بهێنمەدی و، شەرەفی دەستپێشکەریی دامەزراندنی "ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر"، پێ ببڕێ، پاش ئەوەی چەند رۆشنبیر و زانستکارێکی دڵسۆزم دۆزییەوە کە ئامادەبوونی خۆیان بۆ هاوکاری پێشاندا، لەرۆژی ١٩٨٥/٧/٢٦ دا و لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا گەڵاڵەیەکی پرۆژەی "ئەکادیمیای کوردی بۆ زانست و هونەر"م لەبەردەم ئامادەبوواندا خوێندەوە و، دەمەتەقێیەکی زۆری لەسەر کرا و، ئێستە ئەم ئەکادیمیایە بنکەکەی وا لە ستۆکهۆڵم (سوید). هیواشم وایە کە ببێتە دەزگەیەکی بەپێت و بەنرخ لەپێناوی هێنانەدی ئەو ئامانجانەدا کە بۆخۆی دیاریکردوون.

یەکێک لە بابەتەکانی دی ئەم نامیلکەیە، پێشنیازی دامەزراندنی پەرتۆکخانەیەکی گشتیی گەورە بوو بۆ کورد (ل ٣٤) کە تەنانەت دەستنووسە چاپنەکراوەکانیشی تێدا کۆبکرێتەوە. راستییەکەی خۆم لە پەنجاکاندا نامیلکەیەکم بەنێوی "فەرهەنگی پەرتۆکخانەی کوردی"یەوە نووسیبووەوە، کە نێوی ئەو پەرتۆکانەم تێدا تۆمارکردبون، کە تا ئەوکاتە بەزمانی کوردی، یان بەزمانی بێگانە لەسەر کورد نووسرابوون (ل ٣٧). ئەم نامیلکەیەم دا بە مامۆستا مستەفا نەریمان کە دیارە ئەویش بۆ ئەو لێکسیکۆنەی کە بۆ پەرتۆکی کوردی دروستیکردبوو بەنێوی



"بیبلیۆگرافیای پەرتۆکی کوردی ١٧٨٧ – ١٩٧٥" ەوە و، لە ١٩٧٧ دا لە بەغدا چاپیکردووە، سوودی وەرگرتووەلێی.

ئەوجا نامیلکەی "خوێندەواری بەزمانی کوردی" هاتووەتە سەرباسی نووسینەوەی پەرتۆک بۆ خوێندنی سەرەتایی (ل ٣٨) لەسەر تازەترین ڕێگەی فێرکردن، لەلایەن ئەندامانی ئەو "دەستەی نووسەران" ەوە کە دەبوایە دابمەزرایە. لەوێدا وام پێشنیازکردبوو کە هێندێک لەو پەرتۆکانە، بەتایبەتی بۆ زارۆی کورد و، هێندێکی دیش بۆ ئەوانەی کە لەبەر هەژاری و دەستکورتی نەیانتوانیوە بە منداڵی فێری خوێندن ونووسین ببن (ل ٣٩) و، هێندێکیش بۆ ئەو بێگانانەی کە دەیانەوێ زمانی کوردی فێرببن (هەر ئەوێ).لێرەشدا باسی ئەوەمکردووە کە ڕێنووسی لاتینی نابێ بخرێتە پشتگوێ، بەڵام بەرە بەرە و لەسەرخۆ (ل ٣٩ – ٤٠)، ڕەخنەشم لە حاڵی قوتابخانەکانی کوردستان گرتووە (ل ٤١– ٤٢). دوای ئەوە، هاتوومەتە سەرباسی ڕۆژنامە و گۆڤار و، باسی ئەوەمکردووە کە لە مێژووی عێراقدا (دیارە تا ساڵی نووسینەوەی نامیلکەکە لە ١٩٥٧ دا). تەنێ لەساڵی ١٩٤٨ دا بوو کە بۆ یەکەمجار گۆڤارێکی سیاسی بە عەرەبی و کوردی، بەنێوی "نزار" ەوە بۆ ماوەیەکی کورت لە بەغدا دەرچوو (ل ٤٣). ئا لێرەدا گوتوومە کە کورد دەبێ لەسەر ئەوە سوربێ کە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەی هەبێ کە بە عەرەبی و بە کوردی دەربچێ، بەشە عەرەبییەکەی بۆ داخوازییەکانی کورد و ناتەواوییەکانی کوردستان بەکار بهێنرێ (ل ٤٤). شایانی باسە کە کورد تا ئەوڕۆش (ئابی ١٩٨٧) ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەی نییە.



پاش ئەمانە چەند پێشنیازێکی دی خراونەتە بەرچاو، لەمانە، لە چاپدانی دیوانی شاعیرەکانمان و پێشخستنی هونەری چیرۆکنووسین و نەخستنە پشتگوێی چیرۆکی شانۆگەری، بەتایبەتی بۆ ئەو چیرۆکانەی لە دەردوودووی ژیانی کۆمەڵایەتیمان دەدوون، لەپاڵ دامەزراندنی "شانۆیەکی ئەهلی دا (ل ٤٧ – ٥١). لەدوای ئەمەش، هاتوومەتە سەر هونەری وەرگێڕان و، گرنگی ئەم کارە بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی (ل ٥١). لێرەشدا سەرنجی خوێنەرەوەم بۆ دوو جۆرە وەرگێڕان ڕاکێشاوە: یەکەم: وەرگێڕانی شاکاری بێگانە بۆ زمانی کوردی (ل ٥١– ٥٤)، دووەم وەرگێڕانی شاکاری کوردی بۆ زمانی بێگانە (ل ٥٤– ٥٨)، هەروەها دەرکردنی زنجیرەیەک پەرتۆک بەنێوی "زنجیرەی بە عەرەبناسین" ەوە (ل ٥٥). خۆشم وەک یەکەمین هەنگاو لە مەیدانی هونەری وەرگێڕاندا، نامیلکەیەکم لەساڵی ١٩٥٨ دا بەنێوی " وەرگێڕان هونەرە" ەوە بڵاوکردەوە، کە لە سلێمانی و لە چاپخانەی "ژین" چاپکرا، بێجگە لەوەش، لەزستانی ١٩٥٧ دا لە بەسرە چیرۆکی "پاڵتۆ" ی نووسەری ڕووس "گۆگۆل"م کرد بە کوردی و لە ١٩٥٨ دا لە بەغدا لە چاپم دا. ئەمە بێجگە لەوەی کە لەوە پێش (لەساڵی ١٩٥٥ دا) لە بەغدا چیرۆکی "گەرداو" ەوەکەی "ویلیام شێکسپیر" م کردبوو بە کوردی و هەر لەو ساڵەدا لە چاپم دابوو. پاش ئەمانە هاتوومەتە سەرباسی فەرهەنگ نووسینەوە و، فەرهەنگم بە "بربڕەی پشتی زمان" داناوە (ل٥٨). لێرەدا پەنجەم بۆ ئەو فەرهەنگانە ڕاکێشاوە کە تا ئەوکاتە لە کایەدا هەبوون و، قەدری ئەوانەم گرتووە کە نووسیویانن. داواشم لە فەرهەنگنووسەکانی ئەو سەردەمە کردووە کە کۆڕێک بگرن بۆ یەکخستنی هەوڵ و تەقەلای خۆیان، تا ڕۆژێک دێ "کۆڕێکی زمانەوانی بۆ کورد" پێکدێ (ل ٦٣ – ٦٤). ئەوەشم باسکردووە کە دەبێ فەرهەنگێکی گشتگر بۆ هەموو شێوەکانی زمانی کوردی دروست بکرێ. بەداخەوە ئەم فەرهەنگە تا ئەوڕۆش (١٩٨٧) هەر نییە. هەروەها

پێشنیازی ئەوەمکردووە کە چەند فەرهەنگێکی دیکە دروست بکرێن بۆ زمانی کوردی و زمانە بێگانەکان (ل ٦٥).

پاش ئەمانەش باسی ئەوەم کردووە کەدەبێ **"دەستوورێکی یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی"** بنووسرێتەوە کە هەموو شێوەکانی زمانەکە بگرێتەخۆی و، ئەوەشم سپاردووە بە دەستەیەک نووسەر و زانا و ئەدیب کە خەڵکی هەموو لایەکی کوردستانیان تێدابێ (ل ٦٧ – ٦٩). شایانی باسە، کە رێزمانێکی یەکگرتووی کوردی تا ئەورۆش نییە. خۆم بەرکوڵێکی ئەم کارەم لە سەرەتای حەفتاکاندا بە نامیلکەی **"زمانی یەکگرتووی کوردی"** ئامادەکرد کە لە ساڵی ١٩٧٦ دا لە بامبێرگ لە چاپدرا. لە کۆتایی نامیلکەکەدا، هاتوومەتە سەرباسی "زاراوەی زانستانە" (ل ٧٠ – ٧٢) و، **بەرپێچی ئەوانەم داوەتەوە کە دەیانگوت زمانی کوردی زانستی پێ نانووسرێتەوە. راستییەکەی زۆرمپێخۆشە کە بەکردەوە توانیم قورِوقەپ بەو هوردەبورژوا کۆلکەخوێندەوارە هیچ لەباردا نەبووە هەڵپەرستانە بکەم کە گاڵتەیان بەزمانەکەی خۆیان دەهات. دوایی کە زمانەکە بەهیمەتی ئێمەمانان کەمێک کەوتە برەو، ئەوجا کەوتنە بازرگانیکردن پێیەوە و ئێستەش بوونەتە "کولتوورچی".**

بەڵێ، بەشانازییەوە دەڵێم، یەکەم کەس بووم کە زاراوەی ماتماتیک و فیزیک و کیمیا و زانستی ژینداران (بایۆلۆژی) و .... هتدم بۆ زمانی کوردی دارشت و یەکەمین پەرتۆکی جەبر و فیزیکم لە نیوەڕاستی پەنجاکاندا پێ نووسییەوە و بڵاوکردەوە. هەروەها لەبیرمە، **پاش کودەتاکەی قاسم (١٩٥٨) بەماوەیەکی کورت، ئێمە چەند مامۆستایەکی کورد، بیرخەرەوەیەکمان دابوو بە قاسم و، وەزیری زانیاریی ئەوسای عێراق کە جابر عومەر بوو و، لەویدا داوای مافە کولتوورییەکانی کوردمان کردبوو، جا لەم کارەماندا هەر ئاگری رک و کینەی شۆڤینستە عەرەبەکانمان لە خۆمان هەڵنەگیرساندبوو، بەڵکو گەلێک لەو فەریکە مارکسییە کورد و عارەبانەی، پاش کودەتای قاسم دەوروخولی پارتی کۆمۆنیستی عێراقیان دابوو، بووبوونە دوژمنی خوێنەخوێنمان. رۆژێکیان لەگەڵ هەردوو مامۆستای کۆچکردوو سادق بەهادین و حەمە تۆفیق وردی چووبووینە وەزارەتی پەروەردە و زانیاری بۆ باسی مەسەلەی خوێندن بە کوردی لە قوتابخانە نێوەندییەکانی کوردستاندا. کاربەدەستێکی فەریکە مارکسی عەرەب کە لەزەمانی مەلیکدا چڵکاوخۆرێکی ئەو رژێمە بوو و، هەر پاش کودەتاکە خۆی سۆر کردبوو، پاش ئەوەی لەدەمەتەقێدا بەزاندمان، رووێکردە ئێمە و گوتی: "باشە ئێوە ئەمە دەڵێن، کوا پەرتۆکی زانستانە بە کوردی!". منیش هەر دەستبەجێ دەستم بە هەگبەکەمدا کرد و بەستەیەک پەرتۆکی زانستیی چاپکراو و دەستنووسم خستە بەردەستی. ئێدی قسەی پێ نەما.**

شتێکی دیکە کە دەمەوێ لێرەدا بەداخەوە بیهێنمەوە بیر، ئەو لافاوە گەورەیە بوو کە لەرۆژی ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٥٧ دا لە سلێمانی هەستا و، بوو بە هۆی کوشتنی گەلێک کەس. جا لەبەر ئەوەی **نامیلکەی خوێندەواری بەزمانی کوردی** لەوکاتەدا لەژێر چاپدا بوو، ئەوا بە قازانج و مایەوە پێشکێش بە لێقەوماوانی لافاو کرا. هەرچییەک لە پەرتۆکەکە دەفرۆشرا دەدرا بە دەست **مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ – سەرۆکی لێژنەی پیتاک کۆکردنەوە بۆ لێقەوماوانی لافاو.**

جا ئێستە تۆ، خوێنەرەوەی بەویژدان، ئەوا ئەم نامیلکەیە خرایە بەردەستت، ئەم نامیلکەیەی کە سی ساڵ لەمەوبەر لە کوردستانی ئەو رۆژەدا، لەلایەن کوردێکی بیست ودوو ساڵەوە نووسراوە، کە ئەو دەمە، نەک لە هیچ زانستگەیەکی ئەورووپا نەیخوێندبوو و بەس، بەڵکو لە کوردستان و عێراق و ئێران و چەند وڵاتێکی عەرەب پتر، هیچ لایەکی جیهانیشی نەدیبوو. تۆ خۆت سەرپشک بە لەبریاردانەدا و، بزانە ئەم هەنگاوە، هەنگاوێکی دەستپێشکەرانە بووە بۆ بۆ ئەو سەردەمەیە یان نا، ئەوجا بەرپرسیاریی تۆ و هەموو کەسێکی وەک تۆ چییە لە پشتگیریی ئەم هەنگاوانەدا؟!

**(*١) – سی ساڵ، لەساڵی ١٩٨٧ دا. ئێستە کە ساڵی٢٠٠٧ ە، دیارە دەبێتە پەنجا (٥٠) ساڵ.**

**جەمال نەبەز**

**بەرلین: ٢٩ی ئابی ١٩٨٧**

## چەند وتەیەک

هاووڵاتی خۆشەویست....

هەروا لەبیرمە جارێکیان گۆڤارێکم پەڕە پەڕە دەکرد، کوتوپڕ لە سووچێکەوە چاوم بەم هەواڵە کەوت:

"ئایە دەزانیت رۆژی ١٠٠٠٠٠ (سەت هەزار) چاپکراو بەزمانی ئینگلیزی دێتە بازاڕەوە؟".

بەڵێ... سەت هەزار چاپکراو! سەت هەزار چاپکراوی هەمە چەشنە بە گوتار و نووسراو و رۆژنامە و نامیلکەوە، دەخرێنە بەردەم خوێندەوارانی زمانی ئینگلیزی لە تاقە

ڕۆژێکدا، واتە سی ملیۆن لە مانگێکدا و سی و شەش ملیۆن لە ساڵێکدا.

بەڕاستی من کە چاوم بەم ژمارە گەورەیە کەوت، گەلێ واقم وڕما. ناهەقیشم نییە... چۆنکە ئەوەتەی ئێمە هەین هیچ کاتێک بە خۆمانەوە نەدیوە مانگی کتێبێکمان بەزمانی کوردی بۆ دەرچووبێ، بگرە جاری وابووە لە ساڵێکدا، یان لەنێوان دوو ساڵاندا تەنیا پەرتۆکێک دەرچووە، ئەویش بە هەزاران ئەرک و دەردیسەری، کەچی ژمارەیەکی کەمی لێ بڵاوبووەتەوە و، ئەوی دیکەی لە کونوقوژبنی دوکانی کتێبفرۆشەکاندا بووەتە خۆراکی مشک و مۆریان.

بێگومان ئەمە بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ پاشکەوتنی نەتەوەکەمان و، بەجێمانی لە کاروانی گەلانی زیندوو، چۆنکە بڵاونەبوونەوەی چاپکراو لەنێو گەلێکدا، مانای نەبوونی زانستی و بوونی نەخوێندەوارییە و، بە پێچەوانەی ئەوەوە، زۆریی چاپکراو و بڵاوبوونەوەی لە سنوورێکی فراواندا، تێگەیشتن و پێگەیشتنی ئەو گەلەمان دەخاتە بەرچاو.

ئیمڕۆ هەموو تێگەیشتوویەکی دڵسۆزی کورد دەزانێ، نرخی خوێندەواری چییە و، بۆی دەرکەوتووە کە خوێندەواری، سەرەڕای ئەوەی پێوانەیەکە بۆ پێشکەوتنی گەلان، هاوکات بۆ گەلی پاشکەوتووی وەک ئێمە، کلیلی دەرگەی خڕداخراوی ڕزگارییە. گەلی کوردیش بۆ ئەوەی کۆتوزنجیری کۆیلەتی لەپێی خۆی داماڵێ و، بەنێو شەوەزەنگی دیلی و کوێرەوەریدا، ڕێی ڕزگاری بدۆزێتەوە بەرەو دنیای ڕۆناکی و بەختیاری، پێویستە چەکی زانین و هونەر بەرامبەر دوژمنانی زانیاری و پێشکەوتن ڕاست کاتەوە و، مەشخەڵی خوێندەواری بەزمانی شیرینی کوردی بەرزکاتەوە، تا تیشکە بەتینەکەی کوێرایی یەکجاریی، بەچاوی پڕوپووشاوی شەمشەمەکوێرە و کوندەبەبووی شوومی تاریکیدا بهێنێت.

بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیربچێ کە هەر خوێندەوارییەک بەزمانی نەتەوایەتی نەبێ، وەک سفری لای چەپ بێنرخە، چۆنکە خوێندن بەزمانی بێگانە، گیانی نیشتمانپەروەری و هەستی بەرزی نەتەوایەتیمان تێدا دەمرێنێ و لەجێگەی ئەوە، دەماری بێگانەپەرستی و ناکۆکی و ڕاراییمان تێدا پەیدا دەکات. بۆیە دەبێ تا لە وزەماندابێ، خوێندەواری بەزمانی خۆمان بڵاوبکەینەوە و بیخەینە برەو. جا هەرچەندە جێی شانازییە کە لەم ڕۆژانەدا سەرەتای جووڵانەوەیەکی پیرۆز دەستپێکردووە، بەڵام زۆر بە پێویستمزانی ئەو بەرهەڵستانە کە بوونەتە بەردی ڕێگر لەبەردەم بڵاوبوونەوە و پێشکەوتنی زمانی کوردیدا بخەمەڕوو، تا بتوانین یەک یەک لەڕێیان لادەین. بێجگە لەوەش، هەندێک لەو کردەوانەی کە دەبنە هۆی ڕازاندنەوە و گەشەپێدانی پەرتۆکخانە چۆلوهۆڵەکەمان دەستنیشانیان کەم تا دەستوبردیان لێبکەین و، بەزوویەکی زوو ئەم ئاواتە بەرزەمان بهێنینەدی.

ئیتر هیوام زۆرە کە گەنجی خوێندەواری بەهۆش، کوورەی مەردایەتی بێتە جۆش و، لەبیری خۆی نەباتەوە کە لە سەدەی کارەبا و ئەتۆمدا دەژی، لەو سەدەیەدا کە هەرچی دەمدەکاتەوە داوای ڕزگاری دەکات. تەنانەت ئەو نەتەوانەی کە وا ژمارەیان لە سەت هەزارێک تێپەڕ نابێ، هەموو خاوەنی خۆیانن. بەسە، چەرکەس و مەغۆل و بەربەر و هێندییەکانی خوارووی ئەفریقاش بەزمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن و دەنووسن، لەکاتێکدا نەتەوەیەکی ١٥ ملیۆنی کورد نەک هەر تەنها میراتی دەهەزار ساڵەی باوباپیرانی لێ زەوتکراوە و، ماڵی خراوەتە سەر بەشی ماڵان و بەس! بەڵکو لەو هەقە کەمەش کە بە کوردی خوێندنە بێبەشکراوە! بەرادەیەک لە هەندێ جێگەدا، کوردی نووسین بەتاوانێکی وا دەدرێتە قەڵەم، کە سەری ئەو کەسەی تێدا بەبڕین دەچێ.

**برای کوردم!**

**چەند هەزار ساڵێکە ڕێی یەکێتیمان هەڵە کردووە، دیلی و نۆکەری و بوختانپێکردن و، دانە پاڵ جنۆکە و، کردن بە ترکی شاخاوی و بە کەردانە قەڵەم نەبێ، هیچی دیکەمان دەستنەکەوت. دەمێکە لەسای سەری دووبەرەکی و ناکۆکییەوە کەوتووینەتە سەرڕوێتەلاکی یەکتری و دوژمنانمان لەبیر چووەتەوە. باجارێکیش لایەک لەخۆمان بکەینەوە و، دەست بدەینە دەستی یەک. باوەڕیشمان بێ کە هەتا یەکێتی و برایەتی و تێکۆشین وەستابێ، هێز نییە لەبەردەمماندا خۆی بگرێ.**

ئیتر لەپێناوی خزمەتکردنی کورد و زمانی کوردیدا، بەدڵێکی نەترس و گیانێکی لەخۆبوردووەوە بەرەو پێش...

**جەمال نەبەز**

**کەرکووک، ڕۆژی پێنج شەممە ٨ی ی مانگی ڕەزبەر ٢٥٦٩ی کوردی بەرامبەر بە ٢٩ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٥٧ی زایینی.**

## "ماویەتی"

دوکتۆر حسێنی خەلیقی:

# داوی کولتوور

کولتور بەری هەڵسوکەوت وتێرامان و پێوەندییە چرووپرە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە. لە نێوان هەرکۆمەڵە مرۆڤ وخێڵ وقەوم و نەتەوەیەک، بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی جوگرافیایی، ئابوری، کۆمەلایەتی وفەرهەنگی وسیاسی و باری ژیان و شێوەی تێرامان ولێکدانەوەی بوویەر و رووداوەکان، هەندێک دیاردەی ماددی ونامادی، لە دایک دەبن وچاک وخراپ وسارد وگەرم کۆڵاو ونەکۆڵاو بە واتا وبێواتا و پروپوچ وخاوەن ریشە وکاکڵە، سەرهەڵدەدەن و ئەندامەکانی کۆمەڵ لە ماوەیەکی درێژ خایەندا، پەیرەوییان لێدەکەن و دەیانکەنە بەشێک لە هەڵسوکەوتی ژیانیان وئەوەی سەرپێچییان لێ بکا، کۆمەڵ بە دژکردەوە وخراپ تێروانین وسەرکۆنەکردن، سزای دەدا. بەم جۆرە رەفتاروگۆفتاری ئەندامەکانی کۆمەڵ، دەچێتە نێو بازنەیەکی داخراو، هەربۆیە ئەوانەی لە دەرەوەی ئەوبازنە هەڵسوکەوت دەکەن، یان بە پێچەوانەی چوارچێوەی هەبوو لەوبازنەدا، بیردەکەنەوە، لای گەمارۆدراوەکان لە بازنەکەدا، نەیار و نامۆ وسەرلێشێواون و جاری وایە بە پێچەوانەی هەموو پێوانەیەکی رەوشتی، لە لایەن ئەندامانی خێڵی بازنەزەینکردەکەوە، رەفتاریان لەگەڵ دەکرێ. ئالێرەدایە کە خۆدی و ناخۆدی ودوورخستنەوە، بێبەشکردن لە داهات وسۆز و ولانان وهەلاواردن، ئازاردان وتەنانەت کوشتن وسامان تالانکردن ودەسدرێژی بۆسەر ژن وراماڵینی هەموو داب ونەریتێکی مرۆڤیانە، دینەئاراوە! ئەم رەوتەچەوتە، کەم وزۆر لە نێوکۆروکۆمەڵەجۆراوجۆرەکانی جیهاندا و لە هەڵسوکەوتی ئایین وریبازەئایینییەکاندا، بە زەقی خۆیا دەکرێ. بەم جۆرە کۆمەڵگای کوردەواریش، ناتوانێ خۆی لەم داوە چاک وخراوە، دوور بخاتەوە. لەم کۆمەڵگایەشدا، داب ونەریت وهەڵسوکەوت وپێوەندی چرووپری کۆمەلایەتی وریبازگەلی جیاوازی ئایینی وتەنانەت لقە کولتوری جیاواز، هەیە وجاروو بارە، ئەم دیاردانە لە رەفتاری کۆ یان خێڵ یان ئەندامانی بنەماڵە وتاکە کەسەکاندا، رەنگ دەدەنەوە و بە ناوی پارێزگاری لە جۆرە تێروانین لە ژن ومافەکانی وشیکردنەوە وتێگەیشتن لە دیاردەیەک، بە ناوی "نامووس" ومل بەرزی و پارێزگاری لەچوارچێوەی سەروەری کەس وبنەماڵە، هەڵوێست دەگیردرێ. هەربۆیە لێرە ولەوێ وجاروبارە، وەک وتم، بە ناوی پارێزگاری لە نامووس وکرینەوەی سەروەری بنەماڵە وخێڵ وکەسوکار، پەلاماری ژن ودایک وخۆشک ودۆت مامی خۆیان دەدەن و بە تاوانی دۆڕانی ناموس یان نەپاراستنی داب ونەریتی گەل وعەشیرە وخێڵ، گیانیان لێ دەستێنن و لە ئاکامدا ئەوەی وا پلە و پایەی کۆمەڵگە خەوشداردەکا، دەقەومێ!

بە داخەوە لەکوردستان بە تایبەت لە باشوور، تەنانەت بە هەبوونی دەسەلاتی خۆماڵی ورابوردووی خەباتکاری بێوێنەو خوێناوی بۆ وەدەستهێنانی ئازادی هەربەو ناوە و بەو تاوانانە، ئەم رەفتارە دەبیندرێ! رەنگدانەوەی ئەم دیاردەدزێوە بەرچاوە، بەڵام ئەمجارەیان لە قاپۆری "ئاوپەرەبوون لە دینێکەوە بۆ دینێکی دن، خۆی نواند وکچە ئێزەدییەکی بەسۆز، لەگەڵ کورێکی موسوڵمان پەیمانی هاوسەری دەبەستێ وله بازنەزەینکردەکە دەردەچێ و وەک دەبێژن، مل بۆ ئایینی هاوسەرەکەی دادەنوێنێ. بە کەسەرێکی زۆرەوە، ئەم رووداوە دەبێتە هۆی گرگرتنی کوورەی دەروونی بابی ئێزەدی وله دەرفەتێکدا، زۆر بێبەزەییانە، ودوور لە رەوشتی مرۆڤایەتی وسۆزی باوکانە، بە شێوەیەکی دڕندانە، کچکەکەی بەو تاوانە دەکوژێ! ئەم رەفتارپەسن دزێوە خێوە کە بەرهەمی هەڵسوکەوتی دێوە، نەک مرۆڤ، دەبێتە هۆی بزواندنی هەستی دەمارگرژی لایەنەکەی دیکەو، بەداخەوە، لەرەفتارێکی دژکردەوەییدا، دەیانکەس، لە ئێزەدییەکان گیانیان لە دەس دەدەن!

## شین خوسرەوم تەمام نەکەردەن
## دەین فەرهادم ئاماوەگەردەن!

تائێرە ئەم خرنوکە ژەقنەمووتە، بەری داری رزیوی کێشەی ئایینی و دەمارگرژی چەرخەکانی نێوەراستە کە بە داخەوە هێشتا لەکوردستان وبەگشتی لە رۆژهەلاتی ناویندا، بنچی لەژێر هەردە وریشەکەی بەگشتی لایەکدا پەلی هاویشتووە! بەلام بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی

ئەوبەشە لەکوردستان و هەروەها لە "بۆسە" دا خۆماتکردنی دۆژمنەدیرینەکانی ماف وئازادییەسەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان، ئەم رووداوە پرلەشەرم وشووورەییە، دەبێتە ماکەی دەستیوەردانی نەیارانی نەتەوەکەمان و بە ناوی نەبوونی ئاسایشی گیان وپاراستنی هێمنایەتی، نەیاران، بەلەزدێنە مەیدان. تەنانەت رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش دژ بەگەلەکەمان دەهاووژێنن وسەرەرای ئەوە دەیانساڵ هەر لەوخاکەدا، هەموو رۆڵەکانی کورد، دکەوتنەبەرهێرش و پەلامار و ئەنفال وشیمیاباران و بە سەدان هەزارکەسیان بەزیندوویی وبەکۆ لەگۆرەدەخران، ئەو رێکخراوە نەک هەر متەقی لێوەنەدەهات! بەڵکوو لە دەرکردنی راگەیندراوێک لە مەر مەحکوم کردنی ئەو کۆمەلکوژییە خۆی دەپاراست! وەک خۆیا دەکرێ ئێستا بنکەوبنیاتی بۆ بەرێکردنی ئیزەدییەکان بۆدەرەوە بەبیانووی لە مەترسیدا بوون یان، دامەزراندووە!

ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەوهاوولاتییانە، هەزارانساڵە لە زێدی باوباپیری خۆیاندا دەژین وکەونترین دانیشتوانی ئەومەڵبەندەن. دیارە وەفریاکەوتن وپێشگیریی لە سێلاوی گلاوی دەمارگرژیی لە هەرلایەک بێ، لە پێشدائەرکی سەرشانی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی کوردستانە ودوایی ئەرکی هەموو کوروکۆمەڵێکی داشداری مافی



مرۆڤە، بەڵام زەق و گەورەکردنەوەی ئەم رووداوە و چاوپۆشین لە نموونە زەقەکانی کوشتارە بەکۆمەڵەکانی کۆن لەکوردستان ئەوەی نێوان شێعە و سوننی لە تەنێشت کوردستان، کە هەرئێستا لەگەرمەی خۆیدایە وهەررۆژ دووپاتەدەبێتەوە، بە ئاشکرا رەنگی دارشتنی پلانێکی گلاوی بەخۆیەوە گرتووە! بەوتەیەکی دن، لەوانەیە چەند دەستی خوێناوی لە پشتەوە بێ کەخەون بەچرەدووکەڵی شیمیابارانێکی دیکەی ئەوهەرێمەوە دەبینن! هەربۆیە وەک وتم پێویستە

دەسەڵاتی کوردی، بێ سێ ودوولێکردن وەک دەرمانکردنێکی کاتی، قۆلی لێهەڵماڵێ وبچێ بە دەم رووداوەکەوە و بە کردەوە بیسەلمێنێ لەچوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا سەرەرای لەمپەرە جۆراوجۆرەکولتورییەکان، رێبازی ئایینی، رەنگی پێست زار وجیاوازی داب ونەریت وبیروبروا، لە پاراستنی دادپەروەریدا، دەوریان نییە وجێبەچێکردنی بەندەکانی بانگجارِی مافی مرۆڤ، لەگشت بەشەکانی کوردستان، ئامانجە. بەتایبەت دوای ئەوگشت هەلۆیستەنارەوایانەی لە درێژایی ١٤٠٠ ساڵدا دژ بە براوخۆشکە ئیزەدییەکانمان گیراوە، لەم دەورەدا، پێویستە تێیان بگەینین کەچ جیاوازییەک لە نێواندا نەماوە هەموو دانیشتوان وەک مرۆڤ چاویان لێدەکرێ. بۆ درێژخایەنیش، پێویستە بەرنامەی پەروەردە و فێرکردن، گۆرانیکی وەهای بەسەرداب‌ێ، کە زارۆکی ئێستا و مێروژنی دوارۆژ، لەگەل دەمارگرژی باوباپیرانیاندا ماڵاوایی بکەن، و لەگەڵ پاراستنی سەروەری خاک وماف ویاسای خزمەتکار، رێز لە هەموو مرۆڤ بگرن ورێزی خۆشیان بپارێزن.

کوردینە! فریاکەون، ژیرانە وەک ئەم چەندساڵەی بەرێ، ئەم پلانەش پووچەڵ بکەنەوە وتێبکۆشن شوێنەواری ئەم دەمارگرژییەش هەنووکە کەمتر بکەنەوە وهۆشیاربن، تێکۆشانی دوژمنی چەقیو لە بۆسەدا بۆ زەبرلێدان لەخەڵک و خاکەکەمان، بەیەکگرتوویی بکەنە بلقی سەرئاو.

## کورتەیەک لەچالاکییەکانی

# "ڕێکخراوەی سەربەخۆ و دیمۆکراتی ژنانی کورد – نۆرویژ"

## سەبارەت بە "دۆعا"، "شەوبۆ"، "ئامینە" و،

## هەموو ئەو ژنانەی کە لە کوردستان کوژراون!

**وەرگێڕانی لە نۆروێژییەوە بۆ کوردی:**

**هاوبیر، باقی تالب الاعلم**

**(ڕێکخراوەی سەربەخۆ و دیمۆکراتی ژنانی کورد – نۆرویژ)، مانگی سێپتەمبەری ٢٠٠٤ دامەزراوە. ڕێکخراوەکە لەلایەن کۆمەڵێک لە ژنانی زانا و نیشتمانپەروەری کورد و، ژمارەیەک لە ژنانی چالاکی نۆروێژی، لەبوارەکانی مافی مرۆڤ و کێشەی ژنان پێکهاتووە. سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە، هاوبیر شیلان شۆڕش، ئەندامی کۆمیتەی سەرۆکایەتی یەکێتیی ژنانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانە. هاوبیر شیلان، لەماوەی چەند ساڵی رابوردوودا، بەدەیان وتووێژی ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەگەریی لەگەڵدا ئەنجامدراوە و، لە ئۆسلۆ و شارەکانی نۆرویژ، گەلێک سەمیناری بۆ ڕێکخراوەکانی پێوەندیدار بە مافی ژنان و، بارودۆخی چینی ژنان لە کوردستان و لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەڕێوە بردووە. هاوبیر شیلان، ساڵی ٢٠٠٦، لەلایەن "مۆنیکا میلاند" جێگری پارێزگەی ستانی "بێرگێن" لە وڵاتی نۆرویژ، "خەڵاتی یەکسانیی"، پێبەخشرا. ئەمەش شانازییەکی گەورەیە کە ئەو خەڵاتە بۆ یەکەم جار لەڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بە ژنە کوردێکی تێکۆشەر دەدریت. سەرنجی ئێوەی بەڕێز، بۆ خوێندنەوەی بەشێک لە چالاکییەکانی ڕێکخراوەی سەربەخۆ و دیمۆکراتی ژنانی کورد، ڕادەکێشین:**

١- ڕێکەوتی ٢٧ ی ئاوریلی ٢٠٠٧، کەناڵی ئاسمانی نۆرویژ TV2 وتووێژی لە گەڵ "شیلان شۆڕش"، سەرۆکی "ڕێکخراوەی سەربەخۆ و دیمۆکراتی ژنان"، سەبارەت بە ڕووداوی کوژرانی "دوعا" پێکهێنا. کەناڵی ئاسمانی نۆرویژ TV2 هەروەها وتووێژی لە گەڵ سەرۆکی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی "ئەمنستی"، ڕێزدار "یوهان پێدر ئێگێنەس"، پێکهێنا، ناوبراو گوتی، کە ئەم بابەتە، لە گەڵ کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم لە کوردستان و، لە گەڵ دەوڵەتی عێراق باس دەکا، ئێگێنەس هەروەها داوا لە دەوڵەتی نۆرویژ دەکات لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون سەبارەت بەم کێشەیە ئەنجام بدات. بۆ یەکەم جار هەر لەم کەناڵەوە بوو کە فیلمی ڕووداوی "دوعا خەلیل" لە یەکەم کەناڵی ئاسمانی وڵاتێکی ڕۆژاڤاییدا بڵاوکرایەوە. بەهۆی گرنگیی ڕووداوەکەوە، ئەم فیلمە هەر ئەو شەوە سێ جار لە لایەن ئەم کەناڵەوە بڵاوکرایەوە. دەرچوونی ئەم فیلمە بوو بە هۆی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لە کەناڵەکانی دیکەی ئاسمانی وڵاتی نۆرویژ، پاشان ئەم هەواڵە لە "سوید" و "دانمارک"یش هەر بەوشێوە بڵاوکرایەوە. هەر لەوڕۆژەدا "ئەمنستی" دووونامەی ئاراستەی کاربەدەستانی باشووری کوردستان و عێراق کرد.

٢- ڕێکەوتی ٢٧ ی ئاوریلی ٢٠٠٧، "شیلان" لە لایەن کەناڵی ئاسمانی BTV، لە دووهەمین شاری گەورەی نۆرویژ، وتووێژی لە گەڵدا ئەنجامدرا. ئەم هەواڵە لەو کەناڵەش سێ جار بڵاوکرایەوە.

٣- ڕێکەوتی ٢٧ ی ئاوریلی ٢٠٠٧، ڕۆژنامەی (BT، Bergen Tidene)، وتووێژی لە گەڵ "شیلان شۆڕش" سەبارەت بە "دوعا" ئەنجامدا.

٤- لەڕێکەوتی ٢٧ ی ئاوریلی ٢٠٠٧ ی زایینی، ماڵپەڕی ڕۆژنامەی ئەنترنێتی کەناڵی ئاسمانی TV2، وتووێژی لە گەڵ "شیلان شۆڕش" سەبارەت بە "دوعا" ئەنجامدا.

٥- ڕێکەوتی ٢٨ ی ئاوریلی ٢٠٠٧، ڕادیو "هاوپشتی" وتووێژی لە گەڵ "شیلان شۆڕش" سەبارەت بە "دوعا" ئەنجامدا.

٦- ڕێکەوتی ٢٩ ی مانگی ئاوریلی ٢٠٠٧، خاتوو "بیاتە سلێدال"، ڕاوێژکاری ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی (ئەمنستی) لە وڵاتی ترکیاوە بە تەلەفۆن لەگەڵ "شیلان شۆڕش" پێوەندیی گرت و،

ئاگاداری کرد کە، سەبارەت "دۆعا" و دیاردەی ژنکوشتن، لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کوردستان وتووێژی ئەنجامداوە. هەروەها لە نامەیەکدا کە لە رێکەوتی ٣ ی مەی ٢٠٠٧ ی زایینی، بەرێی کردوە، بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەم مەسەلە دیسان هێناوەتەگۆرێ.

٧- رێکەوتی ٣٠ ی ئاوریلی ٢٠٠٧، "شیلان شۆرش" نامەیەکی بۆ سەرۆکی "ئەمنستی" لە نۆرویژ، رێزدار "یوهان پیدر ئێگنێەس" نارد. شیلان لە نامەکەیدا ئەم داخوازییانەی خستەروو:

- حکومەتی هەرێم دەبێ بکوژانی "دوعا" و هاندەرانی ئەم رووداوە بداتە دادگە و، تاوانباران دەبێ سزا بدرێن.
- حکومەتی هەرێم دەبێ یاسای دژی تێرۆر، کوشتن و بندەستیی ژنان پەسند بکا و تاوانکاران سزا بدات.
- بۆ بەرگری لە بەرێوەچوونی یاسای دواکەتووانە و دابینکردنی یاساورێسای نوێ لە کۆمەڵگەی کوردستان، کوشتنی ژنان بە بیانووی پاراستنی ئاوروو رابگیرێت، هەروەها ئەنجامدانی هەرچەشنە توندوتیژییەک لە دژی ژنان، لە یاسادا سزای بۆ دەستنیشان بکرێت.
- ئەو کەسانەی "دوعا"یان بەدەستەوەدا، دەبێ بدرێنە دادگە.

ئەم نامەیە لەرێکەوتی ٣٠ ی ئاوریلی ٢٠٠٧، بەرێکرا، هاوکات لەو رۆژەدا کە نامەکە نێردرا، لە کاتژمێر ٣ ی پاشنیوەرۆ، لە لایەن کاربەدەستانی کوردستان و عێراقەوە بەڵێنیاندا کە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە دۆزەکە دەکەن. "ئەمنستی"، هەروەها لە نامەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، گوشار دەخاتە سەر وڵاتی نۆرویژ بۆ لێکۆڵینەوەی تەواو سەبارەت بە رووداوەکە.

٨- لەرێکەوتی ٢ ی مەی ٢٠٠٧، راگەیاندنی گشتیی لە لایەن رێکخراوی نۆرویژی "پارێزەری مافی مرۆڤ" و، لەلایەن شیلان و OWIF سەبارەت بە "دوعا"، نێردرا بۆHRS.

٩- رێکەوتی ٣ ی مەی ٢٠٠٧، نامەیەک لە لایەن **(رێکخراوەی سەربەخۆ و دیمۆکراتی ژنانی کورد – نۆرویژ)** نێردرا بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی نۆرویژ، نووسینگەی سەرۆکوەزیران و خاتوو Ågot Valle ئەندامی کۆمیتەی دەرەوەی پارلەمان لە "حیزبی سوسیالیستی چەپ" SV. لەم نامانەشدا جەخت لەسەر جێبەجێکردنی داخوازییەکانی خاڵی حەوتەم کرابووەوە.

ئەم نامەیە، هەر لەو رۆژەدا، لە لایەن خاتوو"ئۆگووت" وەرام درایەوە و تێیدا بەڵێنیداوە کە ئەم کێشەیە لە گەڵ وەزارەتی دەرەوەی نورویژ دێنێتە ئاراوە. لەرێکەوتی ٩ ی مەی ٢٠٠٧ ی زایینی، نامەیەکی دیکە لە لایان خاتوو"ئۆگووت" نێردرا بۆ رێکخراوەی ژنانی کورد لە نۆرویژ. خاتوو ئۆگۆت، ئاماژەی نووسیویەتی، ئەم دیاردەی ژنکوشتنە لە کۆبوونەوەیاندا باسی لێوە کراوە و، لە ئەگەری دیداریان لە گەڵ نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان - لە نۆرویژ، بابەتەکەیان لەگەڵدا باس دەکەن.

لێرەدا دەقی نامەی خاتوو "ئۆگوت والا" بۆ ئاگاداریتان بڵاودەکەینەوە:

بەرێز شیلان

ئەم دۆزەمان لە گەڵ بەرێوەبەری وەزارەتی دەرەوە باس کردووە. هەروەها لەگەڵ خاتوو "ماریت نیباک" لە "حیزبی کاری نۆرویژ (حیزبی سۆسیال دیمۆکراتی نۆرویژی) کۆبوونەوە کراوە. "ماریت" لە لایەن ژنانی کورد لە سوید پێوەندی لە گەڵ گیرابوو. تکایە ئەگەر زانیاری نوێ لە م بارەوە بەدەستت گەیشت، ئاگادارم بکە!

بەڵێن دەدەم ئەم کێشەیە لە کاتی دیدار و چاوپێکەوتن لە گەڵ نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان باس بکەم، شاندی حکوومەتی هەرێم، لە کوردستان جار و بار سەردانمان دەکات.

لە گەڵ رێزی دووبارە:

ئۆگووت والا.

١٠- رێکەوتی ٣ ی مەی ٢٠٠٧، کۆمەڵێک ئیمزا بۆ شەرمەزارکردنی کوشتنی "دوعا خەلیل"، کۆکرایەوە و ٦٣٩ کەس ئەم تۆمارەیان ئیمزایان کرد. ئیمزاکان لە گەل کۆمەڵێک نووسراوە و بەڵگەی دیکە نێردران بۆ وەزارەتی دەرەوەی نورویژ، بۆ رێکخراوی لیبوردنی نێونەتەوەیی "ئەمنستی" و بۆ خاتوو "ئوگوت والا" و نووسینگەی سەرۆکوەزیری نۆرویژ.

١١- رێکەوتی ٣ ی مانگی مەی ٢٠٠٧ ی زایینی، لەلایەن (BT)، کەیەکێکە لە رۆژنامە گەورەکانی نۆرویژ، لە گەڵ "شیلان شۆرش" سەبارەت بە کۆی ئیمزاکان

وتوویژ ئەنجامدرا. "شیلان" لە وتوویژەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد: "دوای ئەوەی کە کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە باشووری کوردستان بەردەبارانکرا، ژنانی کورد پێویستیان بە پشتگیریی ئێوە هەیە".

١٢- ڕێکەوتی ٥ ی مەی ٢٠٠٧، "شیلان"، لە کاتی بەڕێوەچوونی بۆنەی ڕۆژی **"خاچی سووری نێونەتەوەیی"** وتارێکی پێشکێش کرد و تیایدا بارودۆخی چینی ژنانی لەو وڵاتانەدا خستەڕوو کە تیایاندا جەنگ و شەڕی چەکداریی سەرهەڵدەدات! "شیلان" هەروەها لە وتارەکەیدا باسی لە دۆخی چینی ژنی کوردەواری کرد کە لەژێر سێبەری ڕژێمەکانی داگیرکەری کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەرەورووی بارودۆخێکی گەلێک دژوار و نامرۆڤانە بوونەتەوە. لەکۆتاییدا شیلان، باسی "دوعا"ی کرد و جەختی کرد لە



**شیلان شۆڕش، لەکاتی وەرگرتنی "خەلاتی یەکسانیی"، ساڵی ٢٠٠٦ لە وڵاتی نۆرویژ**

سەر کوژرانی کۆمەڵێکی زۆر لە ژنان لەباشووری کوردستان، لە دوای ساڵی ١٩٩١ ی زایینی.

١٣- ڕێکەوتی ٧ مەی ٢٠٠٧، **(ڕێکخراوەی سەربەخۆ و دیموکراتی ژنانی کورد – نۆرویژ)**، کۆڕێکی بۆ ڕێزگرتن لە یادی "دوعا خەلیل" لە سالۆنی شارەوانی شاری "بەرگێن" پێکهێنا. لەم کۆڕەدا، ٥٠ کورد و نۆرویژی بەشداربوون. خاتوو Oddny Meligeteig سەرۆکی "پارتی سوسیالیستی چەپ- نۆرویژ"، لە گرووپی شارەوانی شاری "بەرگێن"، خاتوو Lise Tollefsen Slembe سەرۆکی ڕێکخراوی HULK، بەڕێز "سالار صالح" لە لایەن "ئالیانسی ناوەند" و بەڕێز "سۆهراب داریسیر" لە لایان ڕێکخراوی KSU گوتاریان پێشکێش کرد. هەموو بەشداربووان لە مەڕ درێژەپێدان بە چالاکی بۆ ڕاگرتنی کوشتنی ژنان بەبیانووی نامووس و ئاوڕوو، هاودەنگ بوون.

١٤- ڕێکەوتی ١٠ ی مەی ٢٠٠٧، لیستی کۆکراوەی ئیمزاکان لە گەڵ نامەیەکی تایبەت سەبارەت بە کوشتنی ژنان بەبیانووی ئاوڕوو و نامووسەوە لە کوردستان، بەتایبەت سەبارەت بە ڕووداوی کوشتنی "دوعا" بۆ وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ، "ئەمنستی"، "ئۆگووت والا" و، بۆ نووسینگەی سەرۆکوەزیران بەڕێکرا.

١٥- ڕێکەوتی ١٢ ی مەی ٢٠٠٧، ڕادیو Kystradio، ڕادیوی بەناوبانگی ڕۆژئاوای نۆرویژ لە گەڵ "شیلان"، وتوویژێکی سەبارەت بە "دوعا" و کوشتنی ژنان لە کوردستان، پێکهێنا.

١٦- ڕێکەوتی ٢٠ ی مەی ٢٠٠٧، کەناڵی ئاسمانی TV2 سەرلەنوێ لە گەڵ "شیلان شۆڕش" وتوویژێکی تایبەتی سەبارەت بە دەستگیرکرانی چوارکەس لە لایەن دەوڵەتی عێراق، لە پێوەندی لە گەڵ کوشتنی :دوعا"، پێکهێنا. ئەم وتوویژە ٣ جار لە کەناڵی TV2، هەروەها ٣ جار لە کەناڵی ئاسمانی BTV لە بەشی دەنگ وباسدا، بڵاوکرایەوە.

١٧- ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٢ چاوپێکەوتنێک لەلایەن **"ڕادیۆ کرێکاران"**، لەگەڵ شیلان شۆڕش، سەبارەت بە دیاردەی ژنکوشتن لە کوردستان ئەنجامدرا.

-١٨ ڕێکەوتی ٢٥ ی یونی ٢٠٠٧، دیسان نامەیەک بۆ وەزارەتی دەرەوە، ئەمنستی، ئۆگووت والا ونووسینگەی سەرۆکوەزیر بەرێکرا. ئەم جارەیان لیستەیەک سەبارەت بە "شەوبۆ" و ٣٠ کەسی دیکە لە ژنانی کورد کە لە دوای ٧ ی ئاوریلی ٢٠٠٧ زاینی، لە دوای ڕوداوی کوشتنی "دوعا"، بەبیانووی نامووسی کوژراون. ئەم نامە بە بەڵگەوە بەرێکراوە.

لەم نامە داوا کراوە:

- پێویستە وەزارەتی دەرەوە و دەوڵەتی نۆرویژ ڕخنە لە حکومەتی هەرێم و دەوڵەتی عێراق بگرن و گوشار بخەنە سەریان، بۆ ئەوەی مافی مرۆڤ لە ولاتەکانیاندا بپارێزن و، یاسایەکی نوێ و مرۆڤانە دابرێژن کە تێیدا بکوژ (قاتڵ)ی ژن، بەبیانووی نامووس و هەر بیانوویەکی دیکەوە، سزای بۆ ببڕدرێتەوە، پێویستە هەموو کەسێک، لە سەرۆکی حکوومەت و ئەندام پەرلەمان و وەزیر و کاربەدەستانەوە، تاکو هەموو تاکێکی نێو کۆمەڵ، جا ژن بێت یان پیاو، دارابێت، یان نەدار، لە بەرامبەر یاسادا، خاوەنی مافی یەکسان بن. ئەمەش باشترین ڕێگەچارەیە بۆ پێشگرتن لە نایەکسانی و، بێسەروبەرەیی و، دیاردەی دزێوی ژنکوژیی.

- دەوڵەتی نۆرویژ دەستپێشخەری بکات بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و دەوڵەتەکانی دیکەی ئوروپا ، هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێت و، ویکرا داوا لە دەوڵەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم بکەن، تا پێش لە دیاردەی ژنکوژیی بگرن و، پارێزگاری لەمافی مرۆڤ بکەن و، لە یاسای نوێی ولاتدا بەرێوەی بەرن.

-١٩ ڕێکەوتی ٨ی یونی ٢٠٠٧، لە پێوەندی لە گەڵ کوشتنی نامووسی و خۆکوژیی ژنان لە کوردستان، نامەیەکی دیکە پێشکێشی وەزارەتی دەرەوە کرا.

-٢٠ ڕێکەوتی ١٣ی یونی ٢٠٠٧، ماڵپەڕی ڕۆژنامەی ئەنترنێتی کەناڵی ئاسمانی TV2 دوو وتاری سەبارەت بە (ڕێکخراوەی سەربەخۆ و دیموکراتی ژنانی کورد – نۆرویژ) بە ڕێبەریی "شیلان شورش"، سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە پێوەندی لە گەڵ دیاردەی ژنکوژیی بلاوکردەوە.

"شیلان شۆڕش" سەرۆکی ڕێکخراوەی سەربەخۆ و دیموکراتی ژنانی کورد – نۆرویژ، لیستەیەکی لە نێوی ئەو ژنانە ئامادە کردبوو کە لە چەندمانگی ڕابردوودا تووشی چارەنووسی "دوعا" و "ئامینە" بوون. ڕۆژنامەنووسێک لە کوردستان لە گەڵ "شیلان" هاوکاری دەکرد، لە کاتی ئەنجامی چالاکی بۆ مەحکومکردنی بەردەبارانی "دوعا"، کە دەستگیر کرا. "شیلان" بۆ خۆی بە هۆی چالاکییەکانییەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.

"شیلان" هەروەها بەم سەرچاوەی ڕاگەیاند: "کەسانێک هەوڵدەدەن ڕاستییەکان بشارنەوە. کۆمەڵێک لە قوربانییەکان، هەتا ئێستا نەناسراون، زۆربەی کوشتنەکان بە بیانووی نامووسیی، یان بە شانۆی ساختەی "خۆسووتاندن!!" لەلایەن مێرد، یان کوسوکاری نێرینەی ژنانەوە لەنێو دەبرێن. هەموو ڕۆژێک سەبارەت بە کوشتنی نامووسی لە باشوورەوە زانیاریی دەگاتە ڕێکخراوەی ژنان لە نۆرویژ. ژن هەروەک مێشولە دەکوژرێت، وەک کالآیەکی بێ بایەخ. نە دایکان و باوکان، نە سیاسەتوان و نە پۆلیس هیچ کامیان پشتگیریان لێ ناکەن".

لێکۆڵینەوەکان، ئاماژە بە کوژرانی زیاتر لە ٣٠٠٠٠ (سی هەزار) ژن، لەماوەی ١٥ ساڵی ڕابردوو لە باشووری کوردستان دەکەن. لە مانگی ئاوریلەوە هەتا ئێستا، نزیکەی ٣٠ ژن کوژراون. ئەمانە هەموویان بە بیانووی نامووسییەوە کوژراون، لەم لیستەیەدا، تەنیا باسی ئەو کەسانە کراوە، کە هەواڵەکانیان بە ئاگاداری بیروڕای گشتی گەیشتووە.

"(ڕێکخراوەی سەربەخۆ و دیموکراتی ژنانی کورد – نۆرویژ)"، لە سەر ئەم باوەڕەیە کە زۆرینەی کوشتنەکان بە بیانووی نامووسیی بەرێوەدەچن، بەڵام زۆربەیان، بەشانۆی خۆکوژیی، بە ڕووداوی خۆسووتان لە چێشتخانە، لە کاتی سازکردنی خواردن، هەواڵی کوژرانیان بلاودەکەنەوە.

"شیلان شۆڕش"، هەروەها بە ماڵپەڕی ڕۆژنامەی ئەنترنێتی ڕاگەیاند کە - "ژنان لەلایەک لەژێر گوشار و ئازار ولێدانی مێردەکانیان خۆیان دەسووتێنن، بەشێکی دیکەشیان لەلایەن مێردەکانیانەوە دەسووتێندرێن، بەڵام ژنەکان تەنانەت لە نەخۆشخانەش، ئامادەنین ڕاستییەکان بدرکێنن و، دەترسن ئەگەر هۆکاری سووتانیان ئاشکرا بکەن، ئەوا کێشەو شەڕ و کوشتنی خێزانیی بەدواوەدەبێت. لەبەر ئەوە باشترین

ڕێگەچارە لە بێدەنگبوون و، مردنی خۆیاندا دەبینن.

ڕێکەوتی ١٤ی یونی ٢٠٠٧، وتارێکی نوێ لە ماڵپەڕی ڕۆژنامەی ئەنتەرنێتی TV2 بڵاوکرایەوە و لەوێ، ئاماژە بە نامەکانی "شیلان شۆڕش" کرابوو کە بۆ بەڕێوەبەرانی دەوڵەتی نۆرویژی بەرێکرابوو.

ڕۆژنامەکە دەڵی: "شیلان شۆڕش" **(ڕێکخراوەی سەربەخۆ و دیمۆکراتی ژنانی کورد – نۆرویژ)** بەڕێوەدەبات، خاتوو "شیلان" هەروەها کۆمەڵێک نامەی بۆ بەڕێز Jens Stoltenberg سەرۆکوەزیری نۆرویژ و، بۆ وەزیری دەرەوە بەرێکردوە و هەروەها بەرێگەی E-mail لە گەڵ خاتوو "ئۆگووت والا"، ئەندامی پارلەمان لە "حیزبی سوسیالیستی چەپ"، سەبارەت بەو ڕووداوانەی ئاماژەیان پێکرا، پێوەندیی گرتووە.

## کاربەدەستانی نۆرویژ،
## زانیاریی تەواو سەبارەت بە ڕووداوەکان وەردەگرن!

لەرێگەی شیلان شۆرشەوە، لەرێکەوتی ٥/٢٥ و ٦/٨، لیستی ناوی ئەو ژنانەی کە لەباشووری کوردستان کوژراون، نێردرا بۆ وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ، بۆ خاتوو "والا" و، هەروەها لەمالپەری Internet ت ٢ لە ٦/١٣ دا بلاوکرایەوە.

وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ، هەروەها تومارێکی بەدەست گەیشتووە و تێیدا ٦٠٠ کەس ئیمزایان کردووە و داوای نواندنی هەڵوێستیان لەلایەن دەولەتی نۆرویژەوە کردووە. شیلان ئەم لیستەی کۆکردووەتەوە، تاکو دەولەتی نورویژ پستگیریی بکات.

"شۆرش" دەڵێ: "بۆچی ئەمانە بەراشکاوی لە دژی ئەم کردەوانە هەڵوێست ناگرن؟ وەزارەتی دەرەوە، هەتا ئێستا هیچ وەڵامێکی نەداوەتەوە؟ ئەو کۆمپانیانەی نۆرویژ کە لە کوردستانی عێراق سەرمایەکانیان خستووەتەگەڕ، لەو بارەوە ئەوانیش بەرپرسایەتیان هەیە. ئەگەر هیچ هەڵوێستێک لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە نەگیرێ، هیچ چارەسەرییەک لە کوردستانی عێراق ئەنجام نادرێت. نە دایکان و باوکان، نە سیاسەتوانانی نێوچەکە و نە پۆلیس، هیچ کامیان داکۆکی لە مافی ئەم ژنانە ناکەن. لە دەرەوەی کوردستانی عێراقیش، کەس خۆی لە ئاستی ئەم کێشانە بە بەرپرس نازانێ."

## هەڵوێستی حکوومەتی نۆرویژ،
## سەبارەت بە دیاردەی ژنکوژیی، ڕۆن وئاشکرایە!

خاتوو Anita Krokan بەرپرسی بەشی عێراق و ڕاوێژکاری بەشی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی نۆرویژ بە ماڵپەڕی ڕۆژنامەی ئەنترنێتی ڕایگەیاند کە: "نۆرویژ کوشتنی ناموسی شەرمەزار دەکات. ئێمە ئەنجامدانی ئەم کردەوانە بەتاوان دەزانین و ئەم کێشەیە لە کاتی پێویست لە گەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی عێراقی باس دەکەین. ئێمە بە شێوەی بەردەوام لە گەڵ حکومەتی هەرێم لە باکوری عێراق (کوردستان) پێوەندیمان هەیە".

نامە و داواکارییەکان لە لایەن وەزارەتی دەرەوە وەرام دەدرێنەوە. خاتوو "ئانیتا کرۆکان"، هەروەها گوتی: "ئێمە هەمیشە ناتوانین دەستبەجێ وەرامی داواکارییەکان بدەینەوە، و یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەیە کە ئێمە هەوڵدەدەین داواکارییەکان ڕاستەوخۆ و بەتایبەتی ولام بدەینەوە".

### خاتوو "ئۆگوت والا کێیە؟"

"ئۆگووت والا" ئەندامی "کۆمیتەی دەرەوەی وڵات" لە پارلمانی نۆرویژە و بەڵێنی بە "شیلان شۆرش" دا کە ئەم بابەتە لە گەڵ نوێنەرانی کورد لە حکومەتی هەرێم لە کاتی دیدار و چاوپێکەوتن باس بکا. بەڵام هەتا ئێستا دەرفەتی دیدار پێکنەهاتووە.

"والا" وتی: "ئەم کێشەیە لە گەڵ بەڕێوەبەری سیاسی لە وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ باسکردوە، بڕیارمداوە کە ئەم کێشەیە لە گەڵ نوێنەرانی کوردیش لە حکوومەتی هەرێم لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵیان باس بکەم، بەڵام تاکو ئێستا ئەم دەرفەتە نەڕەخساوە".

"والا"، هەروەها بە ڕۆژنامەی ئەنترنێتی ڕایگەیاند کە پارتی سوسیالیستی چەپ بەم زووانە نامەیەک بۆ "یەکێتی نشتیمانیی کوردستان" بەرێدەکا و کردەوەی لە چەشنی کوشتنی نامووسی، وەک پێشێلکرانی مافی مرۆڤ بەتووندی شەرمەزار دەکا".

شایانی باسە، بەشێکی زۆر لە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە، لە سایتەکانی نۆرویژیدا بڵاوکراوەتەوە.

**بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ ڕێکخراوی ژنان لە نۆرویژ، E-postی شیلان شۆرش بەمجۆرەیە:**

shilan@hotmail.com

# مێژووی "مواد مخدر"

# لە ئێران و جیهان!

نووسینی: سیروان کاوسی

"موادمخدر" یان مادەسڕکەرەکان، چەندین جۆری هەیە. لەولاتانی ئاسیا، بەتایبەتیی لە رۆژهەڵاتی ناڤین، تلیاک زۆرترین هۆگری هەیە و، لە ساڵدا بەدەیان هەزار کیلۆی بەئاشکرا، یان بەرێگەی قاچاخ بە ولاتانی نێوچەکە و، لەوێوە بە ئۆروپا و ئەمریکادا بلاودەکرێتەوە.

تلیاک چییە و، چۆن دێتە بەرهەم؟!

تلیاک رەنگی قاوەیی (رەشی ئاماڵ سۆر) ی هەیە و لە گیایەک بەنێوی "خەشخاش" دەگیرێت. ئەم گیایە لقێکی وەک نێرگی رێواس چووزە دەکێشێ و، سەری نێرییەکە وەک تۆپ خڕەدەبێ و بەسەرییەوە ریزێک گوڵی ورد دەردەکا. کاتێ گوڵەوردەکانی سەرتۆپی نێرییەکە سیس دەبن، بە گوێزان چواردەوری سەرتۆپی نێرییەکە بە ئاستەم دەبڕن. پاش ٢٤ کاتژمێر، شیلەیەکی خەست بەرەنگی قاوەیی و هەندێک جار بەرەنگی رەش دێتە دەرەوە و، بەسەر پێستی سەرتۆپی نێرییەکەوە دەنووسێت. ئەوجا باخەوانەکەی بە چەقۆی تایبەت، شیلەکە کۆدەکاتەوە و، لە قاپێکی دەکات. بەم شێوەیە شیلەی سەرتۆپی هەموو گوڵە خەشخاشەکان کۆدەکەنەوە، تێکەڵ بەیەکی دەکەن و، پاش ئامادەکردنی دەیفرۆشن..

گیای خەشخاش لە ئینگلیزی پێی دەگوترێت: papaver Somniferom. لە زمانی فارسی کۆندا پێیاندەگوت "ئەفیون"، ئێستا پێیدەڵێن "تریاک". وشەی تریاک لە وشەی یۆنانی " Theriacaææ وە وەرگیراوە، هەروەها وشەی "ئەفیۆن" یش، لەوشەی یۆنانی Opion وە وەرگیراوە. لەزمانی کوردیدا پێیدەڵین "تلیاک".



## مێژووی تلیاک

گیای خەشخاش لە دێرزەمانەوە لەرۆژهەڵاتی ناڤین و، هەروەها لای یۆناییەکان ناسراوە. بەوتەی Marcel Granin ،Doyeux جێگری پێشووی کۆنترۆڵی مادەسڕکەرەکان، لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، نێوی تلیاک چوار هەزار ساڵ پێش لەسەر کەتیبەکانی **"سۆمەری"** یەکاندا هاتووە و، نووسراوە، تلیاک گیایەکە، شادی و حەسانەوە بە مرۆڤ دەبەخشێت. هەروەها لە نووسراوەکانی کۆنی ئاشووری و میسری و یۆنانی کۆندا، سەبارەت بە تلیاک زۆر نووسراوە بەجێماون. **"هێرۆدۆت"** **مێژوونووسی نێوداری یۆنان**، هەروەها زانایانی دیکەی گەورەی یۆنانی وەک ئەرستو و هیپۆکرات لە پەرتوکەکانیاندا سەبارەت بە تلیاک زۆریان نووسیوە. ژنانی میسر لەسەردەمی فیرعەونەکاندا، بۆ کەمکردنەوەی توورەیی و خەم وپەژاریان لە تلیاک و شەربەتی تلیاک کەڵکیانوەردەگرت. لەسەردەمی ئەرستو، **فەیلەسوفی گەورەی یۆنانی هەتاکو "وێرژێل" و**

**سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی ڕۆم، هەتاکو سەدەکانی نێوەڕاست، بەردەوام باسی تلیاک کراوە و، وەک گیایەکی دەرمانی بۆ چارەسەرکردنی گەلێک نەخۆشی و دەرکردنی ماندوویی لەش و، حەسانەوەی مێشک نێوی هاتووە. سەرچاوە مێژووییەکان پێشانیدەدەن، مێژووی بەکارهێنانی تلیاک لە وڵاتی هیند دا، دەگەڕێتەوە بۆ ١٢ سەدە پێش لەشکرکێشیی "ئەسکەندەری مەکدۆنی" بۆ ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. دوو زانای گەورەی یۆنانی بەنێوی "بۆقرات" و "نیئۆفیراست" چوارسەد ساڵ پێش زایین، لە تلیاک بۆ چارەسەرکردنی ئێش و زگچوون کەڵکیانوەرگرتووە.**

لەوڵاتی ژاپۆن، تا سەدەی پانزەی زایینیی، تلیاک وچاندنی گوڵی خەشخاش نەچووبووە نێو وڵاتەکیانەوە. لە پەرتوکی **"فەرهەنگستانی بریتانی"** دا هاتووە، گوڵی خەشخاش لەسەدەی ١٧ی زایینیدا لەوڵاتی چین دەچیندرا. لەسەدەی ١٨ی زایینیی، ساڵی ١٧٠٠ تەن (١٧٠٠٠ کیلۆ)، وەک دەرمان لە جیهان بەکار دەهێنرا.

لە ئۆروپا، لەسەدەی حەڤدەی زایینی، دوکتۆرێکی ئینگلیزی بەنێوی **sydenham Thomas** کە بە **"ئەفلاتۆن" ی ئینگلیز نێوبانگی دەرکردووە**، توانی لە تلیاک دەرمانێکی تازە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی بدۆزێتەوە. ئەوجا لەسەدەی نۆزدەدا، توانرا "مۆرفین" و "کەدئین" ی تێدا بدۆزنەوە. بەم شێوەیە، هەر لەدێرزەمانەوە، لەلایەن زانایانی بواری زانستی پزیشکییەوە هەست بە کاریگەریی تلیاک بۆ چارەسەرکردنی گەلێک نەخۆشیی کراوە، بەڵام بەکارهێنانی بەردەوامی، بەرادەیەکی وەها مرۆڤ گیرۆدەی خۆیدەکات، کە دەست لێبەردانی زۆر دژواردەکا و، زیانی زۆر بە تەندروستی مرۆڤ و، تێکدانی ژیانی دەگەیەنێت. لەبەر ئەوە، دیاردەی مادەسڕکەرەکان "مواد مخدر"، ئەمڕۆکە بووەتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی و، هەر چوارقوڕنەی جیهانی گرتووەتەوە و، سەرەڕای هەوڵی بەشێک لە حکوومەتەکان و، ئۆرگانەکانی نێونەتەوەیی، بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی زیاتری مادەسڕکەرەکان لە وڵاتەکانیاندا، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ، ژمارەی تووشبوانی ئەفیۆن و، قوربانییەکانی ئەم دیاردە ڕووخێنەرە، بەردەوام لە زیادبوون و هەڵچووندایە.

## ئێران و دیاردەی ئەفیۆن

یەک لەو وڵاتانەی کە "مواد مخدر"، لەنێو کۆمەڵگەکەیدا زۆرترین کێشە و کارەساتی مرۆڤی بۆ خولقاندووە، وڵاتی ئێرانە. "بەنگ" و "ئەفیون" لە پەلاتی ئێران مێژوویەکی چەندین هەزار ساڵەی هەیە و، گەلانی پەلاتی ئێران، هەر لە کۆنەوە "ئەفیون" یان ناسیوە. لە نووسراوەکانی **ئاوێستا لە بەشەکانی ١٥ و ١٩ لە پەرتۆکی پەیامبەر و فەیلەسووفی گەورەی کورد "زەردەشت"**، نێوی"حەشیش" هاتووە و، وەکو مادەیەکی کوشندە و ڕووخێنەر و نەفرەتلێکراو نێوی هێنراوە.

چەند سەدەیەک پاش بەنگ و حەشیش، **"تلیاک"** لەسەردەمی ئیمپراتۆریی ساسانییەکان و، لەسەدەی ٦ی زایینیدا هاتەنێو ئێرانەوە و، لەماوەیەکی کەمدا توانی بازاڕی بەنگ و حەشیش بشکێنێ و، وەک پووش و ئاگر، زۆربەی نێوچەکانی بندەسەڵاتی ئیمپراتۆریی ساسانیی بگرێتەوە. لەوکاتەوە، دەستکرا بەچاندن و بەرهەمهێنانی تلیاک لە مووچە و مەزرای شار و گوندەکان. تلیاک لەسەر سفرە و خوانی شاکان و کۆشکی بنەماڵەی دەسەلاتدارانی نێوچە جیاجیاکانی ئێراندا جێی خۆی کردەوە و، زۆربەی پاشاکان و ئەندامانی بنەماڵەیان، چ ئەوانەی بەرەگەز هێندوئێرانی بوون، چ ئەوانەیان لەرەگەزی دیکە بوون و، حوکمڕانیی ئێرانیان دەکرد، زۆربەیان بوونە تلیاکخۆر و، کوڕ وبەزمی شەوانەیان بە وافوور و مەنقەڵ و تلیاک و شیرەکێشانەوە دەڕازاندەوە.

**سوڵتان مەحموودی غەزنەوی**، لەسەدەی ٩ی زایینیدا، لەشکرێکی گەورە و گرانی خستەڕێ بۆ سەرکوتکردنی **"تۆغرلی سەلجوقی"** کە بەرەگەز تورک بوو. سوڵتان مەحموود لە شەوی پێش هێرشەکەیدا، تا درەنگانێکی شەو تلیاکی کێشا، لەبەر ئەوە نەیتوانی بەیانیی ڕۆژی دوایی زوو لە خەو هەڵسێ، کە ئەوەش بوو بەهۆی دواکەوتنی هێرشەکەی و، ئاگاداربوونی تۆغرلی سەلجوقی لەهێرشی سوڵتان مەحموود بۆسەری، تۆغرل، هەلەکەی قۆستەوە و، خۆی و لەشکرەکەی لە نێوچەکە دوور کەوتنەوە.

وەک دەزانرێت، ئیمپراتۆریی سەفەویی لە ساڵی ١٥٠١ی زایینیی، لەلایەن شائیسماعیلی سەفەوییەوە دامەزرا، کە بنەماڵەکەیان بە ڕەچەڵەک کورد و شێخی دەروێشان بوون. لەسەردەمی سەفەویدا بەرهەمهێنان و تلیاککێشان بەرادەیەکی پەرەی سەند و، لەنێو ڕەبەن و زەنگین و سواڵکەر و شادا ئەم مادەیە دەکێشرا و دەخورا و بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی نەخۆشییەکان بەکاردەهێنرا.

**شائیسماعیلی دووەمی سەفەویی**، کابرایەکی دڵڕەق و خوێنڕێژ و بێبەزەیی بوو. لەتەمەنی لاوی و هەرزەکاریدا ڕوویکردە تلیاککێشان و، بەوێنەی باوکی (شائیسماعیلی یەکەم)، نێرباز بوو و، زۆربەی شەوانی لەگەڵ "دوودەکی" یان ڕادەبوارد. شەوێک لەگەڵ دەزگیرانەکەی، کە کوڕێکی منداڵکار دەبێ بەنێوی **(حەسەن بەگ حەلواچی ئۆغلی)**، تا دەمەوبەیان لەگەڵی ڕایدەبوێرێ و، تلیاک دەکێشێت، لە ئەنجامدا بەهۆی زێدەڕۆییکردن لە کێشانی تلیاک، دەمەوبەیان بە دەم ئێش و ئازارەوە گیانی لەدەست دەدات. بەوجۆرە، شائیسماعیلی دووەم پاش ساڵ و نیوێک پاشایەتیکردن، لەتەمەنی ٤٣ ساڵیدا دەمرێت.

لەزەمانی ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانیدا، خەڵک لەو باوەڕەدابوون کە تلیاک، هێز و دلێری و ئازایەتیی بە مرۆڤ دەبەخشێت، لەبەر ئەوە سەرباز و شەڕکەرانی هەردوولا، پێش چوونیان بۆ شەڕ، تلیاکیان دەخوارد. لە ساڵی ٩٤٠ی کۆچیدا، **شاتاماسپی سەفەوی**،کاتێک بۆی ئاشکرا بوو کە زەرەروزیانی تلیاک، بۆ حکوومەت و خەڵکەکەی بندەسەڵاتی، لە خێر وچاکەی زۆر زیاترێکە، فەرمانیدا چاندنی خەشخاش رابگیرێت و، تلیاککێشانیش قەدەخە بکرێت، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، چۆنکە زۆربەی برا و خزمانی و، دەیان هەزار دانیشتوانی وڵاتەکەی، گیرۆدەی تلیاک بوون و، وازهێنانیان هەروا کارێکی سووک و هاسان نەبوو، لەبەر ئەوە فەرمانەکەی بۆ نەچووەسەر.

کاتێک **شاعەباسی سەفەوی** لە سەدەی ١٧ی زاینیدا لەسەر تەختی پاشایەتیی دانیشت، تلیاکخواردن و شیرەکێشان، نێو سوپا و سەربازەکانیشی گرتبووەوە. شا عەباس ترسی لێنیشت و، بۆ رزگارکردنی دەسەڵاتی خۆی و بنەماڵە و حکوومەتەکەی، فەرمانێکی دەرکرد و جارچییەکان، شار بە شار وگوند بە گوند دەگەڕان و فەرمانی شاعەباسیان بڵاودەکردەوە و، دەیانگوت: **"بە فەرمانی شای گەورەمان، شای شاکان، شاعەباس، لەمەبەدواوە هەرکەسێک تلیاک وحەشیش بکێشێت، لەسێدارە دەدرێت!"**. ئەوجا بەکردەوەش دەستیکرد بە پاکتاوکردن و پاکژکردنی حکوومەت و سوپا و بارگە و، دەستوپێوەندەکانی لە کەسانی شیرەکێش وتلیاکی و، گرتن و لەسێدارەدانی ژمارەیەک خەڵکی بێدەرەتان، بەڵام ئەمیش وەک شاتاماسپ لەهەوڵەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو، چۆنکە خواردنی تلیاک وبەکارهێنانی و چاندنی خەشخاش، پتر لەوە پەرەی سەندبوو کە ئەو بیری لێکردبووەوە.

گەڕۆکێکی ئوروپایی بەنێوی **"تۆماس هێربەرت"**، کە لەسەردەمی حکوومەتی شاعەباسی سەفەویدا سەردانی ئێرانی کردووە، لەبیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: **"تلیاک کە لە گیایەک بەنێوی خەشخاش دێتە بەرهەم، لەهەموو ئێراندا دەخورێت. ئەز لە ئێراندا هیچ کەسێکم نەبینی کە کێشان و خواردنی ئەم مادەیە بەکار نەهێنێت!"**.

ساڵی ١٧٩٤ی زاینی، پاش کوژرانی **"لوتفعەلی خانی زەند" بەدەستی ئاغا محەمەدخانی قاجار، کۆتایی بە تەمەنی دەسەڵاتدارێتیی حکوومەتی کوردی زەند هێنرا، کە جگە لە کوردستان، دەسەڵاتی هەموو ئێرانیشیان بەدەست بوو.** بنەماڵەی قاجارەکان بە بنەچە و رەگەز ترک بوون. لە سەردەمی حکوومەتی قاجاردا، زۆر زیاتر و بەربڵاوتر لە زەمانی سەفەوییەکان، تلیاک و شیرەکێشان لە ئێراندا برەوی سەند. بەپێشنیازی دەوڵەتی ئینگلیز، رێککەوتننامەی **"رێگەدان بە هەناردەی تلیاکی ئێران بۆ هێندستان"،لەنێوان دەوڵەتی ئینگلیز وحکوومەتی قاجاری مۆرکرا.**

**گەڕۆکێکی دیکە ئۆروپایی بەنێوی "کۆرنی لۆبرۆین" کە خەڵکی وڵاتی هۆلەند بوو، لەسەرەتای سەدەی ١٨ی زاینی و، لەسەردەمی حکوومەتی سەفەییەکاندا سەردانی ئێران دەکا. لۆبرۆین روانین و بیرەوەریی سەفەرەکەی بەنێوی "گەڕان لە مۆسکۆوە بەرەو ئێران و هێندستانی رۆژهەڵات"، لە دوو بەرگدا کۆدەکاتەوە و، ساڵی ١٧١١ بەزمانی هۆڵەندی چاپیان دەکات. ئەوجا لەساڵی ١٧٤٥ هەردوو پەرتۆکەکەی وەردەگێردرێتە سەر زمانی فەرەنسا. کۆرنی لۆبرۆین لەبەشێکی بیرەوەرییەکەیدا نووسیویەتی:**

**"سەرەڕۆی و دیکتاتۆریی حکوومەتی پاشایەتیی ئێران، لەنێو هەموو حکوومەتەکانی جیهاندا وێنەی نییە. پادشا، جگە لە بیرورا و بۆچوون و کردەوەی خۆی چ قانوون و بۆچوونێک بەڕەسمی ناناسێت. لەبواری ئاینیدا تارادەیەک دەسەڵاتی دیاریکراوە، بەڵام ژیان و چارەنووس و دارایی تێکرای دانیشتووانی ولات، بەتەواوەتیی لەدەستیدایە. پادشا لە کۆشکی تایبەتی شاهانەدا دێتەدنیا. لەنێو چواردیوارییەکدا گەورە دەکرێت، کە لە دیتنی سروشت و بۆنی گیا و گوڵ و چیا بێبەرییە. هیچ جۆرە پەروەردەیەک ناکرێت کە لە ئاستی شازادە و سەرۆکی داهاتووی ولاتیکدا بێت. کاتێک پێدەنێتە تەمەنی مێردمنداڵییەوە، دەیسپێرن بە مامۆستایەک کە خۆیان پێیدەڵێن "لەلەباشی". ئەم "لەلەباشی" یە، شازادەی لاو فێری خوێندن و نووسین و دەستوور و پێڕەوی ئاینیی دەکات. لە کەرامات و گەورەیی کەسایەتیی پەیامهێنەری ئیسلام کە موسڵمانان پێیدەڵێن "حەزرەتی موحەممەد"، قسە دەکات بۆی. ئەوجا هەموو رۆژێک سەبارەت بە خراپی و گەندەڵی و دوژمنایەتیی بێسنووری ترکی سوننە و، ئاینی سوننە بەرامبەر بنەماڵەی سەفەوی و، حکوومەتی ئێران دەبات بە مێشکیدا. جێی داخە، بەهیچ شێوەیەک، زانست و مێژوو و سیاسەت فێری شازادەکان ناکەن..... هەر لە تەمەنی لاوێتییەوە، دەیانخەنە نێو دەیان کیژۆڵەی جوان و کەشخەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵیان رایبوێرن. بەوەش وازناهێنن، ئەوجا لە کوڕ و بەزمی شەوانەیاندا فێری تلیاککێشانیان دەکەن. پاش چەند ساڵێک، شای لاو، دەسەلات بەدەستەوە دەگرێت، بەڵام کەسێکی تلیاکخۆر و سست و لەڕووی کەسێتییەوە لاوازە. لەسیاسەت و حکوومەتداریش هیچ نازانێ. ئەوجا وەزیر و کاربەدەستان، بە گوتنی "بەڵێ قوربان" و، "شای گەورەمان" و، نازناوی تایبەتی دیکە، ئامانج و سیاسەتەکانی خۆیان بەرێگەی شاوە جێبەجێ دەکەن! ژیانی شاکانی سەفەویی بەم شێوەیە تێدەپەڕێت..."**

شاکانی قاجار، لەوانە **فەتحەلی شا و ناسرەدین شا و موزەفەرەدین شا**، دەنگوباسی حەرەمسەرا و کۆڕی شایی و سەمای کۆنیزەکان و سات و رابواردنی شەوانە ونێوبانگی تلیاککێشانیان لەهەموو ئێراندا دەنگی دابووەوە. لە پەرتوکی "تاریخ عضدی"، کە لەلایەن "ئەحمەدمیرزا عێزەددەولە" وە نووسراوە، هاتووە:

**"فەتحەلی شا، هەموو شەوێک پاش خواردنەوە و تلیاککێشانی زۆر و رابواردن لەگەڵ ژنانی "حەرەمسەرا"، بە ماندوویی دەچووە نێو جێگە بۆ نووستن. تەختی نووستنی شای شاکان، زۆر پان بوو، کاتێک دەنووست، ١٨ ژنی جوان و کەشخە و دلڕفێن دەبوو تا بەیانی بەدیارییەوە کێشک بدەن. دوو لە ژنەکان، بەرپرسی شێلانی دەست و پێ و پەنجەکانی پیرۆزی خاوەن شکۆبوون. دەبوو، ژنەکان دووکەسیان بەلای دەستی راستی، دوو ژنی دیکەش بەلای دەستی چەپیدا رابکشێن، بۆ ئەوەی هەرکات، "شاهنشا" لەشیرینی خەودا بەلای راست، یان چەپدا سوورا، باوەشی پێدا بکەن و، هەست بە تەنیایی نەکات. ئەوجا، پێش نیوەڕۆ و، لەکاتی بەخەبەرهاتنی شای زانا و مەزنمان، شاپەروەرخانمی قەراجەداخی کەشخە و ناسک، بە جوانیی لەرادەبەدەری و، خاتوون قەراباخی ئەسفەهانی بە قسەی شیرین و گێرانەوەی مەتەڵی خۆش، مەلوولی و ماندوویی شەوی رابوردوویان لە لەشی پیرۆزی خاوەن شکۆ و "قیبلەی عالەم" دەردەکرد! ژنانی کێشکچی لە ژووری نووستنی شای پلەبەرزمان، بەسێ دەستەی شەش کەسی دابەشکرابوون و هەر شەوێک نۆرەی کێشکی شەش لە ژنەکان بوو".**

لەسەردەمی قاجارەکاندا، لە نێو چایخانە و شوێنی حەوانەوە و رابواردندا بە ئاشکرا تلیاک دەکرێدرا و دەفرۆشرا. لەم سەردەمەوە، چاندنی ئەم مادە وێرانکەرە لەنێوچەکانی خوارووی کوردستان وەکو کرماشان وئیلام و لوڕستان وبەختیاری و، بویەر ئەحمەد، بەرە بەرە دەستپێکرد و، تلیاک بوو بە سەرچاوەی ئابووری و داهاتی جۆتیارانی ئەو نێوچانەی کوردستان. بەفەرمانی سەرۆکوەزیران میرزا تەقی خان، ناسراو بە "امیر کبیر" (میری مەزن)، کە ئێرانییەکان بە گەورەترین کەسایەتی و سیاسەتکاری نوێخوازی سەردەمی قاجارەکانی نێو دەبەن، چەندین کێڵگەی گەورە و بەرین لە نێزیکی پێتەخت لە تاران، تەرخانکرا بۆ چاندن و بەرهەمهێنانی تلیاک. مەبەستی "میری مەزن" لەدەرکردنی ئەم بریارە ئەوە بوو، سەرچاوەیەکی ئابووریی بۆ خەزێنەی بەتاڵی دەوڵەت دابین بکات. بەپێی ئەو پلانە ئابوورییەی دەوڵەتی "امیر کبیر"، کە لەژێر کاریگەریی سیاسەتی ئینگلیزەکان ئەنجامدرا، لەماوەی چەند ساڵێکدا ئێران بوو بە نێوەندێکی گەورەی بەرهەمهێنانی مادە سڕکەرەکان و، تلیاکی ئێران لە کەنداوەوە بە پاپۆڕ، بۆ وڵاتانی دنیا، لەوانە بۆ هیندستان و چین و رۆژهەڵاتی ئاسیا بەرێدەکرا.



**میرزا تەقی خان (ئەمیر کبیر)**

زۆربەی تلیاکی هەناردەی ئێران دەنێردرا بۆ وڵاتی چین. لەماوەی چارەکە سەدەیەکدا بە ملیۆنان مرۆڤی چینی تووشی مادەی تلیاک بوون. رۆژ لەگەڵ رۆژ کۆمەڵگەی چین، لەنێو زەلکاوی ئەفیۆندا پتر نوقم دەبوو. دەوڵەتی چین هەستی بەم مەترسییە کرد و بۆ پێشگرتن لەتەشەنەسەندنی زیاتری ئەفیۆن، دەستی بە خەباتێکی بەربلاوکرد و، بریاریدا رێ لە هاتنی تلیاک بۆ نێو وڵاتی چین بگرێت. هێنان و فرۆشتنی تلیاک، لەئێرانەوە تاکو چین و رۆژهەڵاتی دوور، لەلایەن کاربەدەست و ئەفسەرەکانی ئینگلیز لە ئاسیا سەرپەرشتی دەکرا. لە هێرشێکی هێزەکانی چین بۆ سەر پاپۆڕێکی ئینگلیزیی، یەک ملیۆن و دووسەت و بیست و حەوت هەزار کیلۆ تلیاک گیران و، رژێندرانە نێو ئاوی زەریاوە. دەوڵەتی ئینگلیز لەساڵی ١٨٤٠ی زایینیی، لەوەرامی ئەم کردەوەی دەوڵەتی چین، لە کەرەنای جەنگی دا و، هێزێکی تەیار و پۆشتەی ئینگلیزی و چەکداری وڵاتانی بندەستی کۆکردەوە و، پەلاماری وڵاتی چینی دا. ئەم جەنگەی نێوان چین و ئینگلیز لە مێژوودا، بەنێوی "جەنگی تلیاک" نێوبانگی دەرکرد. ئاکامی جەنگی تلیاک بەزیانی چین شکایەوە و، سوپای چین شکستی خوارد و ناچار کرا شەش ملیۆن دۆلار بدات بە ئینگلیز - لەباتی نرخی ئەو تلیاکەی رژاندبوویە نێو زەریاوە. دەوڵەتی چین هەروەها ناچارکرا تا پانزە ملیۆن دۆلاری دیکەش لەباتی خەسارەتی کەلوپەلی جەنگیی بدات بە دەوڵەتی ئینگلیز. بەدوای سەپاندنی ئەو رێککەوتننامە نامرۆڤانەیە بەسەر چینییەکاندا، سەر لەنوێ هێنانی تلیاک لە ئێرانەوە بۆ چین دەستپێکردەوە.

کۆتایی جەنگی تلیاک، ئەگەرچی بەسەرکەوتنی ئینگلیز و تێکشکانی چین تەواو بوو، بەڵام لەرووی سیاسی و لە

روانگەی دنیای مرۆڤایەتییەوە زیانێکی گەورەی بە ئینگلیز گەیاند و، دیمۆکراسی و شارستانییەتی ئینگلیزی بردە ژێر پرسیارەوە. هەر ئەو کات، ئەندام پەرلەمانێکی ئینگلیز بە نێوی **"گلادستۆن"**، کە دواتر بە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا هەڵبژێردرا، دژی جەنگی تلیاک دوا و، رەخنەی توندی ئاراستەی دەوڵەت و سوپای ئینگلیز کرد و، گوتی: **"جەنگی تلیاک لەئاستی دنیا، شەرمەزارییەکی گەورە بوو بۆ ئینگلیز. ئەز لە مێژووی وڵاتەکەمدا، هیچ جەنگێک لە جەنگی تلیاک، شەرمهێنەرتر شک نابەم..."**.

دوکتورێکی ئینگلیزی بەنێوی **"ئیلگان"** کە ساڵی ١٨٧٠ پزیشکی باڵوێزخانەی ئینگلیز بوو لە تاران، لەبیرەوەرییەکانیدا ئاوای نووسیوە:

**"تلیاکی ئێران، بەشێکی گرنگ لە هەناردەی ئێران بۆ دەرەوە پێکدێنێ. زۆربەی جۆتکارەکانی ئێران، لە کێڵگەکانیاندا لەباتی میوە و گەنم و، دانەوێڵەی دیکە، گیای خەشخاش دەچێنن".**

لە ئێران، لەسەردەمانی کۆن و نوێدا، جگە لە پاشاکان و دەسەڵاتداران و، چینەکانی رەبەن و، زەنگینی وڵات، هەروەها وێژەڤان و هەڵبەستڤان و زانایانی گەورەی ئێرانیی، زۆربەیان گیرۆدە و هۆگری ئەفیۆن بوون. بۆ وێنە شاعیرانی بەنێوبانگی ئێران، لەوانە: **فەرۆخی، حافزی شیرازی، شێخ عەتاری نەیشاپووری، فیردەوسی، مەسروور، ناسر خوسرەو، مەولەی، سەعدی، فەخر گورگانی و مەلک الاشعرای بەهار** و ... هتد، کە لە چاخ و کات و زەمانی جۆراوجۆردا ژیاون، حەز و ئارەزوو و هەستی دەروونی خۆیان بەرامبەر مادەی "ئەفیۆن" بە هۆنراوە دەربڕیوە.

**ناسر خوسرەو دەڵێ:**

**چه حال است اینکه مدهوشند یکسر**
**که پنداری که خوردستند هیپون**

**(چ قەوماوە کە هەموو بێهۆشن، وەک بڵێی تلیاکیان خواردبێتەوە!)**

**(شایانی باسە، لەزەمانی کۆن لە ئێران بەتلیاک، هیپون وئەفیون" یش دەگوترا!)**

**فەخر گورگانی لە داستانی (وەیس ورامین) دا دەڵێ:**

**شکر هر چند خوش دارد دهان را**
**نه چون تریاک سازد خستگان را**

**(شەکر هەرچەندە تامی زار خۆش بکات، لێ وەک تلیاک، کەیفی نەخۆشان ساز ناکات).**

**سەعدی شیرازی دەڵێ:**

**تا تریاک از عراق آید مار گزیده مرده باشد .**

**(تا تلیاک لە عێراقەوە دەگات، مارگەستوو مردووە!)**

**مەلک الاشعرای بەهار**، بەسەردان دەچێت بۆ وڵاتی سویس و لەوێ خەم و ماتەم و حەسرەتی دووری خۆی لە دڵدارەکەی کە (تلیاکە)، بە شیعر دەهۆنێتەوە و، دەڵێ:

**روزگار آشفتگی دارد به سر کو همدمی**
**تا ز فیض صحبتش خاطر بیاساید دمی**
**آتش و ابر و دم و دود است پیدا در افق**
**کو مقامی امن و جائی محرم و دود و دمی**

**(لەم رۆژگارە شێواوە دا، هاوڕازو هاودەمێکم دەوێ تا لە وتەی بەپێزی، دڵ ئۆقرە بگرێت تاوێک. ئاگر و هەور و مژ و دووکەڵ دیارن لە ئاسۆوە، کوانێ جێگە و پەنایەک و دووکەڵ ومژێک).**

**هۆنەری بەنێوبانگ حافزی شیرازی، ٧٠٠ ساڵ لەمەوبەر، لە مەی و ئەفیون وحەشیش دەدوێ و، دەڵێ:**

**یک چند به یاقوت تر آلوده شدیم**
**یک چند پی زمرد سوده شدیم**
**آلودگی بود به هر نحو که بود**
**شستیم به آب توبه آسوده شدیم.**

**(سەردەمێک بە مەی تەڕەوە وەردراین، سەردەمێکیش بە بەنگ و حەشیشەوە ئۆقرەمان دەگرت، هەرچۆنێکی بڵێی، هەردووکیان تاوان بوون، خۆمان بە ئاوی تۆبە شتش و رزگاربووین).**

دوو پزیشکی بەنێوبانگ و ناسراوی ئێرانی بەنێوی زەکەریای رازی و ئەبوو عەلی سینا کە چەند سەت ساڵ لەمەوبەر ژیاون، لە تلیاک بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان کەڵکیان وەرگرتووە و، لە نووسراوەکانیاندا، تلیاکیان بە مادەیەک نێوبردووە کە چارەسەرکردنی نەخۆشیی بەکار دەهێنرێت و، کاریگەریی زۆری هەیە لە دەرکردنی ماندوویی لە لەشی مرۆڤ. بەم شێوەیە، تا کۆتایی حکوومەتی قاجارەکان و، دامەزراندنی رژێمی پەهلەوی لەلایەن رەزاخانەوە، تلیاککێشان لەنێو کۆمەڵیدا وەک دیاردەیەکی باوی رۆژانە و، ئاسایی لێهاتبوو، لەرووی دەستووری ئاینی و یاسای حکوومەتیشەوە، هیچ بەربەستێکی بۆ دانەنرابوو، جگە لەوە، وەک ئاماژەمان کردپێ، لەسەردەمی قاجاردا، جۆتکارەکان هاندەدران بۆ بەرهەمهێنانی تلیاک و، سەرچاوەی سەرەکیی بووجەی حکوومەت، لەڕێی تلیاکەوە دابیندەکرا.

**"ماویەتی"**

# پاش تێپەڕبوونی (٥٠) ساڵ بەسەر دامەزراندنی ئێستگەی کوردی قاهیره

محەممەد شەیدا

**ڕۆژی ١٩٥٧/٦/١ بۆ یەکەم جار دەنگی زوڵاڵی گەلی کورد، لەنێو جەرگەی نیشتمانی عەرەبییەوە دەرچوو، بەناوی "ئێستگەی کوردی قاهیره".**

**ئەم ئێستگەیە، لەڕۆژی ١٩٥٧/٦/١ کاتژمێری ٤/٠٠ی پاش نیوەڕۆ بەکاتی هاوینەی قاهیره، بە سروودی نەتەوەیی:**

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان**
**نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان**
**کەس نەڵێت کورد مردووە، کورد زیندووە**
**زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان**

کرایەوە، لەژێر چاودێریی حکوومەتی میسریدا.

ئەم ئێستگەیە لەلایەن ئەم خوێندکارانەی خوارەوە دەچوو بەڕێوە:

**١- محەممەد حسێن الملا خوێندکاری کۆلیژی کشتوکاڵی زانستگەی قاهیره.**
**٢- هۆشیار بابان خوێندکاری کۆلیژی هەندازیاری زانستگەی عین الشمس.**
**٣- محەممەد شەیدا خوێندکاری کۆلیکی ئاداب (ویژه) لە زانستگەی قاهیره.**

ئێستگەی کوردی قاهیره، لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە ناهەموارەوە دامەزرێندرا کە بەسەر خۆرهەڵاتی ناوەراستدا هات، بەتایبەتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی دێمۆکراسی لە ئێران بە سەرکردەیەتی دوکتۆر موسەدق و، بزووتنەوەی نەتەوایەتی عەرەبی لە سووریا و میسر.

ئەم بزووتنەوانە بەداخەوە لەباربران، بەتایبەتی بزووتنەوەی دێمۆکراسی لە ئێراندا بەدەستی چەپەڵی کۆنەپەرست و دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، بەڵام بەلایەنی وڵاتە عەرەبییەکانەوە، پاش شەڕی دووەمی جیهانی لە ١٩٤٦، سووریا سەربەخۆیی تەواوی خۆی وەرگرت و دێمۆکراسیی بەهاتنی **شوکری قوەتلی** چەسپا. لەساڵی **١٩٥٢**، وڵاتی میسر، لە بندەستی ئیمپریالیزم و حوکمی پاشایەتی ڕزگارکرا. ڕزگاربوونی ئەم دوو وڵاتە، گەورەترین لێدان بۆ بۆ ئابووریی دەوڵەتەکانی ئیمپریالیست. ساڵی ١٩٥٦، نۆکەند (کاناڵ) ی سویس خۆماڵی کرا و، دەستی دەوڵەتەکانی ئیمپریالیست کێشرایەوە لە میسر. ئەم ئاڵوگۆڕانە بوون بە هۆی ئەوە کە دەوڵەتەکانی ئیمپریالیست و هێزەکانی کۆنەپەرستی نێوچەکە یەکبگرن، دژ بە وڵاتە عەرەبییە ڕزگاربووەکان – بەتایبەتی میسر و، بڕیاری هێرشیاندا بۆ سەر میسر و سووریا. لەئەنجامی ئەمەوە سێ دەوڵەتی گەورە (بریتانیا، فەرەنسا و ئیسرائیل) بە پشتیوانیی ئەمریکا هێرشیان بردە سەر میسر، بەڵام بەهۆی دەنگی جیهانی و یەکێتیی سۆڤێتەوە کۆتایی بەم هێرشە نارەوایە هێنرا، بەڵام هێرش بۆ سەر سووریا کۆتایی نەهات و، دەوڵەتەکانی تورکیا و ئوردەن و عێراق پەستانێکی زۆریان خستبووە سەری و لەهەموو لایەکەوە لەشکریان هێنابووە سەر سنووری سووریا، ئەمەشیان لەترسی ڕزگاربوونی وڵاتەکەیان و دروستبوونی یەکێتیی عەرەبیی دەکرد. ئەم بارودۆخەی باسمکرد، بوو بەهۆی ئەوەی کە میسر بیر بکاتەوە لە دامەزراندنی ئێستگەیەکی کوردی بۆ مەبەستی هاندانی گەلی کورد بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین لە تورکیا وسووریا و ئێراندا. لەڕۆژی دیاریکراودا بۆ یەکەمجار دەنگی دلێرانە و زوڵاڵی کورد لەنێو دڵی نیشتمانی عەرەبییەوە چووە ئاسمان.

ئەم ئێستگەیە، بێگومان ڕۆڵی تەواوی خۆی بینی لە ڕاپەڕینی هەستی نەتەوایەتی کورد، بەڵگش بۆ ئەمە، بەسەدان نامەمان بەدەست دەگەیشت و، داوای درێژکردنەوەی ماوەی ئێستگەکەیان دەکرد. هەروەها لەنێوان ١٩٥٧ – ١٩٥٨، پێش شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، حکوومەتی تورکیا وئێران، دووجار نارەزایی خۆیان پێشکێش بە حکوومەتی میسری کرد و داوای داخستنی ئێستگە کوردییەکەیان دەکرد، بەڵام حکوومەتی میسری ڕەتکردنەوەی دەوڵەتەکەیانی پێشکێش بە باڵوێزخانەی تورکیا وئێران کرد. ئێستگەی کوردیی قاهیره، تاساڵی ١٩٦١ بەردەوام بوو لە پەخشی بەرنامەکانیدا.

**کاتێک خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٥٨ سەردانی میسری کرد، چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵدا سازدا و، لەبارەی ئێستگەکەشەوە چەند پرسیارێکمان کردلێی و، فەرمووی:**

**"ئەم ئێستگە کوردییە، ٨٠%ی سوودی بۆ عەرەبە و، لە بەرژەوەندیی ئەواندایە و، ٢٠%ی بۆ بەرژەوەندیی کوردە، بەڵام هێشتا هەر سەرکەوتنە بۆ کورد و، مانی باشترە وەک لەداخستنی. ئێوەش هەر بەردەوام بن تێیدا و بەرەڵای مەکەن...!!"**

**بەڵام بەداخەوە، کاتێک حکوومەتی میسر بەرژەوەندیی نەما لە ئێستگەکەدا، فەرمانی داخستنیاندا و ئێستگەکەیان داخست.**

"مامۆستا قانع"

# وەتەن مژدەبی

وەتەن! مژدەبی پارشێوکەرانە
تاریکی نەما، بەرەو بەیانە
شۆڕ و غەوغایێ لەناو گەلانە
ئەڵێن وا، دەورەی ژینی کوردانە
**نازانم راستە یان خەوم دیوە!!**
بیستم درۆزن تەواو فەوتاوە
فیشاڵ و درۆی قەدری نەماوە
زەنگی بەدناوی لە عام زڕاوە
دەستەی بێ درۆ، ئەمڕۆ لە ناوە
**نازانم راستە یان خەوم دیوە!!**
فەلسەفە و زانین کەوتە ناو کوردان
بوو بە فیکری دڵ سەربەستی نیشتمان
کەس تێ ناکۆشێ بۆ ئیشی ژیان
ماڵی یەکتری نابەن بە تاڵان
**نازانم راستە یان خەوم دیوە!!**
ئەمڕۆ رۆژێکە، رۆژی فەقیرە
کۆمەڵی هەژار، بەڕاو و بیرە
پارەپەرستیش مات و زویرە
چەشنی راوکەری، بێ شیر و تیرە
**نازانم راستە یان خەوم دیوە!!**
بڵێن بە یارۆ لابا بەرماڵی
لەسەری دەرکا فیکری بەتاڵی
هەر قوڕ بپێوێ خۆی و مناڵی
چۆنکە هۆزی کورد، چاویان هەڵماڵی
**نازانم راستە یان خەوم دیوە!!**

" مامۆستا کامیل ژیر"

# بوون و چوونم

کەژاوەی راگوزاری ژین، بەرەو دادێری کۆتایە
هەموو رۆژانی رابردووم، وەکو پووشێکی دەم بایە
تەمەن پڕیە لە داستانی جەوامێری و بەگژداچوون
نییە دەستی جەوامێری تەوژمێدا بە مان و بوون
لەڕیزی پێشەوەی کۆڕی خەباتا گیان لەسەر دەستا
ئەبوو زووتر بچووومایە، کەچی بێ هۆ ئەچم ئێستا!
هەمیشە روو لە راژەی گەل، بە فریادی کەسی داماو
بە داماویش دەسی کورتم نەهاویشتە دەسی ناپیاو
هەتا توانیم وشەم دارشتە تۆمار و پەڕەی مێژوو
ئەگەرچی بێ کەس و بازار و کڕیارە لەلای نووستو
گەلێ ئەستۆم لە پەت لادا وەکو پارێزەری دادێ!
بەبێ پارێزەری بەرگی سپیی چوونم بە بەردادێ
وتە و کردار و رەفتارم، نموونەی گەوهەری بیرە
بەپێی کام بەندی یاسایەک دەسی چوونم لە مل گیرە؟
ئەڵێن مافی مرۆڤە! گەر وەهایە بۆ بەبێ تاوان
ئەبێ بەندێکی تەنیا بم، نە ڕووناکی نە ئاو و نان؟
چ مافێکە!؟ لەڕێگەمدا هەموو ساتێ زەنگی ترسێ
نەبۆ بوونم،نەبۆ چوونم،سەوایەک، یا دەنگی پرسێ
وەهابێ فەلسەفەی بوونم! دڵارامێ لە چوونایە
ئەشێ، ناوێ، لە پاشی ژین، ببێتە سێبەر و سایە

سلێمانی
٢٠٠٧/٦/١

بەم ئەدرەسە، پێوەندیی بە سەرۆکایەتیی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە بگرن

P. B. 607, London
N W 8 O D T, U. K.
Tel; 0044 - 208 748 78 74
Fax; 0044 - 208 741 64 36

Bi wê adres pêwendlî legel serokayetîya kongrey Nîstmanîya Kurdistan bogre!

ئەدرەسی پێوەندی گرتن لەگەڵ بەرپرسیاری دەزگەی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان

Tele; 0049 – 82 33 80 61
Fax; 0049 – 82 33 61 21
E-post; KNC@ribrahim.de

---

نامە و وتار و پێشنیازی خۆتان بەم ئەدرەسە بۆ دەزگەی ڕاگەیاندنی کۆنگرە بنێرن!

KNC
P. B. 205 Holmlia
1204 Oslo, Norway.
Fax; 0047 – 22 75 30 95

**Bi wê adres name û gotar û pêsnyaza xwe bo kongre bisîne**

---

"کۆنگرە" بڵاوکەرەوەی بیری ئازادی و دیمۆکراسی و سەرفرازیی نەتەوەی کوردە! بڵاوکەرەوەی بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە!

**Kongre, Blawkera bîra Rizgarî û Azadî Netewey Kurde!**
**Kongre, Blawkera bîrwbawerî kurdayetyî û Damezrandina Dewletî Serbexoy Kurdistane!**

سەرنووسەر و بەرپرسیاری دەزگەی ڕاگەیاندن:
سیروان کاوسی

**Serniwîskar û berprsyarî Dezgy Rageyandin; Sîrwan Kawsî**

---

**ئەدرەسی سایتەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هێڵی ئینتەرنێت!**

کۆنگرە ئینگلیزی: www.knc.org.uk
کۆنگرە (کوردی): www.kncscandinavia.com
رادیو رۆژاڤا: www.rojavatv.org.uk
حکوومەتی رۆژاڤای کوردستان: www.western-kurdistan.com
سایتی دوکتور جەواد مەلا: www.jawadmella.net
سایتی حکوومەتی رۆژاڤا (ئینگیلیزی) www.western-kurdistan.com
www.westernkurdistan.org.uk
سایتی مامۆستا جەمال نەبەز www.jemalnebez.com
سایتی دوکتۆر جەواد مەلا www.jawadmella.com

**تاکە ڕێگەی ڕزگاربوونی کورد، دەرکردنی داگیرکەرانە لە کوردستان و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە. مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی گەلی کورد، لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا، دەستەبەر ناکرێت!**